# پێشمەرگە

## هێزە کاریگەرەکەی
## ناو ستراتیژییەتی نێودەوڵەتی
## لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا





لەدوای بەدەنگەوە هاتنی ئەمریکا لەسەر هەرێمی کوردستان، زۆر جار ئەو پرسیارە کراوە: بۆچی ئەمریکا لەسەر هەرێمی کوردستان بەدەنگ هات و لەسەر عێراق و سووریا بەدەنگ نەهات؟ ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە هەولێر لە بەغدا و دیمەشق بۆ ئەمریکا گرنگترە، یان پرسەکە ئەوەیە ئەمریکا هەندێك فەرمانبەری لە کونسوڵخانەی هەولێر هەیە؟ ئەگەر وایە خۆ ئەمریکا گەورەترین باڵیۆزخانەی لە جیهاندا لە بەغدا هەیە، بۆچی کاتێك پێنج فیرقەی سەربازیی عێراق تەسلیمی تیرۆریستانی داعش بوون لە ماوەی حوزەیران هەتا مانگی ئاب، ئەمریکا بێدەنگی هەڵبژارد؟ ئایا پرسەکە ئەوەبوو کە ئەمریکا دەیویست گوشار دروست بکات بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی عێراق فشار بخەنە سەر ئیئتیلافی شیعە بەگشتی و دەوڵەتی یاسا بەتایبەتی بۆ ئەوەی نوری مالیکی دوور بخرێتەوە؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە لەوانەیە هەر یەکەیان وەك شێوەیەك لە شێوەکان بە فاکتەری بەدەنگەوە هاتنی ئەمریکا لە قەڵەم بدرێن، بەڵام وەك لە یەکەم دیمانەی ڕۆژنامەنووس تۆماس فریدمان لەگەڵ سەرۆك ئۆباما ڕاستەوخۆ دوای بڕیاردانی بە هاوکاریی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکردووە، سەرۆك ئۆباما نیوەی سەری سپی بوو بەدەست کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نەیتوانی بڕیار بدات، بەڵام کە مەترسی کەوتە سەر هەرێمی کوردستان توانی بڕیارێکی بوێرانە بدات.

لەم ڕاستەوە ئەگەر سەیری ئەو هۆکارانە بکەین کە سەرۆك ئۆباما بۆ پشتگیری کوردستان ئاماژەی پێکردووە، هەست دەکەین دووساڵ پێش ڕوودانی کارەساتی شنگال، کارەساتی لەوە زیاتر لە سووریا ڕوویداوە و تەنانەت بەر لە دوومانگیش لە مانگی حوزەیراندا تیرۆریستانی داعش پاش ئەوەی موسڵیان داگیرکرد، کارەساتی گەورە ڕوویدا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە چەند کارەساتەکان گەورە بوون، بەڵام سەرۆك ئۆباما نەیتوانی بڕیار بدات، لەم ڕاستەشدا وەك پسپۆڕانی تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چەندین جار ئاماژەیان پێکردووە، ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ئۆباما زۆر خوازیاری ئەوە بووە کە بڕیار بدات، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر ئەرزی کێشەکان هێزێکی وەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونی نەبووە، ئەمریکا و ڕۆژئاواش نەیانتوانیوە بڕیار بدەن، لەمبارەوە ریچارد هاس کە سەرۆکی ئامۆژگای ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە، لە کتێبی (سیاسەتی دەرەوە لەناوخۆ دەست پێدەکات) ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەمریکا ناتوانێت بڕیار بدات و سیاسەتەکانی هیچ بەرهەمێکی نییە، لەمەش زیاتر باڵیۆز دینس ڕۆس کە ماوەی چارەکە سەدەیەکە لە دیپلۆماتی ئەمریکا ڕۆڵێکی باڵای هەیە، لە یەکێك لە موحازەرەکانی کە لە کۆتایی ٢٠١٣ بۆ قوتابیانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی شیکاگۆ پێشکەشی کردووە، زۆر بە ئاشکرا ئاماژەی بەوە کردووە، کێشەکانی سووریا و میسر و ئێران لە تواناکانی ئەمریکا گەورەترن. کەواتە ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی تەنها جیاوازییەك کە کوردستان لەگەڵ هەموو ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە کوردستان خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە، ئەو هێزەی کە توانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ئەو ڕاستییە بۆ جیهان بسەلمێنێت کە تەنها هێزە دەتوانێت ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ببێتەوە، بەڵام ئەم هێزە پێویستی بەوە هەیە، هاریکاری بکرێت بۆ ئەوەی باڵانسی هێز لەسەر ئەرزی واقیع لە بەرژەوەندیی پێشمەرگە بشکێتەوە.

**● ستراتیژییەکەی ئۆباما دژی داعش هاوشێوەی هەڵوێستی بوشە دژی قاعیدە**

بایەخی ئەم ستراتیژییە نوێیەی سەرۆك ئۆباما لەو هەڵوێستەی جورج دەبلیو بوش کەمتر نییە کە لە ساڵی ٢٠٠١ دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر ڕایگەیاند، لەمەش زیاتر بە هاوشێوەی هەڵوێستەکەی بوش لە ٢٠٠١ چاوەڕوان دەکرێت، ستراتیژییەکەی ئۆباما پشتگیری نێودەوڵەتی بکرێت و بۆ یەکەمجاریشە هەڵوێستی ڕووسیا و چین دژی هەڵوێستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا نییە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ڕووسیا بەهۆی کێشەی ئۆکرانیا و سەپاندنی سزا بەسەر ڕووسیا لەلایەن ڕۆژئاوا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەو پەڕی خراپیدایە، بەڵام لەسەر پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش هەڵوێستەکەی ئیجابییە.

ئەگەر سەرنجی ئەو ڕاگەیەندراوە بدەین کە سەرۆك ئۆباما وەك ستراتیژییەتێکی نوێ بۆ شەڕی تیرۆریستانی داعش ڕایگەیاند، ئاماژە بەوە دەکات، ئەم ستراتیژییە وەك شەڕی عێراق و ئەفغانستان نییە، لەمەشدا مەبەستی ئەوەیە ئەمریکا ئەمجارە وەك شەڕی عێراق و ئەفغانستان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ هێرشی زەمینی بۆ سەر هیچ وڵاتێك ئامادە

**تەنها جیاوازییەک کە کوردستان لەگەڵ هەموو ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە کوردستان خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە، ئەو هێزەی کە توانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ئەو ڕاستییە بۆ جیهان بسەلمێنێت کە تەنها هێزە دەتوانێت ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ببێتەوە، بەڵام ئەم هێزە پێویستی بەوە هەیە، هاریکاری بکرێت**

**هەموو ئەم گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی مانگێکدا هاتوونەتەئاراوە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی سەرکەوتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەر ئەمەش وایکردووە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەموو جیهان بە چاوی ئومێدەوە سەیری ئایندەی هەرێمی کوردستان دەکات**

ناکات، بەڵکو تەنها یارمەتی لۆجیستی دەنێرێت و لە ئاسمانەوە هێرش دەکاتە سەر تیرۆریستانی داعش، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا شەڕی تیرۆریستان تەنها بە هێرشی سەربازی کۆتایی دێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە پسپۆڕانی بواری سەربازی پێیانوایە هێرشی ئاسمانی بە بێ بوونی هێزێکی کاریگەر لەسەر زەوی هیچ ئامانجێك ناپێکێت، بۆیە ئەوەی دیسان دەبێتەوە جێگەی پرسیار، ئەوەیە: ئایا ئەو هێزە کاریگەرە کامەیە کە لەسەر زەوی بوونی هەبێت و بتوانێت لەم شەڕەدا پارسەنگە ڕاست بکاتەوە؟ بێگومان تەنها هێزێك کە تا ئێستا ئەو کاریگەرییەی سەلماندبێت، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە. سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر مایکل نایت بەرپرسی پرۆگرامی دیراسەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، لە وەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، ئەم ستراتیژییە نوێیەی ئۆباما بەرهەمی تاقیکردنەوەی هێرشە هاوبەشەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکایە لە گرتنەوەی بەنداوی موسڵ و مەخموور و ئامرلی و ئێستاش هاوکاری سوپای عێراق لەگەڵ هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بۆ ئازادکردنی بەنداوی حەدیسە.

ئەم ڕاشکاوییەی پرۆفیسۆر نایت ئەوەمان پێدەڵێت: سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تەنها لە ڕێگەی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە بە هێرشی ئاسمانی لەلایەن ئەمریکاوە، توانی تەرازووی هێز لەسەر ئەرزی واقیع بگۆڕێت و گورزی کوشندە لە تیرۆریستانی داعش بوەشێنرێت، لەمەش زیاتر شەڕی تیرۆریستانی داعش لە شەڕی هێرشکردنەوە بگۆڕێت بۆ بەرگری و ئازادکردنی ئەو ناوچانەی کە پێشتر تیرۆریستانی داعش داگیری کردبوون.

## ● سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە ستراتیژییە نوێیەکەی ئۆبامادا

هەر لەگەڵ یەکەم شالاوی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بۆ لێدانی بنکە و بارەگاکانی داعش، ڕاستەوخۆ دوای چەند کاتژمێرێك لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی هاوبەشدا هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی پێشووی عێراق و فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەنووسانیان ڕاگەیاند، تەرازووی هێز گۆڕانکاری بەسەردا هات و لەم ساتەوە پێشمەرگە دەتوانێت دەست بکاتەوە بە هێرش و هەموو ناوچەکانی تیرۆریستانی داعش ڕزگار بکاتەوە، ئەم سەرەتایە بۆ ئیدارەی ئەمریکا بە گەورەترین خاڵی وەرچەرخان لە سیاسەتی دەرەوە و بەرگری ئەمریکا دادەنرێت لەدوای داگیرکردنی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە ئیدارەی ئەمریکا گوشار بخاتە سەر هێزەکانی عێراق بۆ ئەوەی پشتگیری پێشمەرگە بکەن و دواتریش لە ڕزگارکردنی شارۆچکەی ئامرلی کە ماوەی زیاتر لە دوو مانگ بوو گەمارۆ درابوو، بەهاوکاری هێزی ئاسمانی ئەمریکا و هەماهەنگی ڕاستەوخۆی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق ئەو شارۆچکەیەش ئازاد بکرێت.

کەواتە ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین لەماوەی ساڵی ٢٠٠٣ - ٢٠١٤، سەرۆك ئۆباما لەگەڵ ئەوەی ئەو کاتیش دژی شەڕی عێراق بووە، بەڵام لەماوەی هەردوو خولی سەرۆکایەتی ئەمریکاشدا، زۆر بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵ دەستێوەردانی سەربازی کردووە، لەمەش خراپتر کە زیاتر ئیدارەی ئەمریکی نائومێد کرد، هێرشەکانی ناتۆ بوو بۆ سەر ڕژێمی موعەمەر قەزافی، لەگەڵ ئەوەی ڕژێمی قەزافی ڕووخێنرا، بەڵام دواتر نەتوانرا سەقامگیری لە لیبیا دروست بکرێت، ئەو هێرشانەی ناتۆ بۆ سەر لیبیا لەگەڵ ئەوەی بە سەرکردایەتی ئەمریکا نەبوو، بەڵام سەرەنجام بووە هۆکاری ئەوەی کە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەرابلوس بکەوێتە بەر هێرش و باڵیوزەکەشی بکوژرێت. لەمەش جێگەی نائومێدیتر ئەوە بوو کە هیچ هێزێك لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نەبوو، کە بتوانرێت پشتی پێبەسترێت، تەنانەت عێراقیش لەسەردەمی حوکمڕانیی نوری مالیکی هێندەی دیکە سیاسەتی ئەمریکای دووچاری نائومێدی کردبوو، لەبەر ئەوەی ئەو هاوکارییانەی ئەمریکا دەیدایە عێراق، نەك نەبوونە هۆکارێك بۆ دروستکردنی سەقامگیری، بەڵکو بوونە هۆکارێك بۆ ئاڵۆزبوونی ڕەوشی زیاتری عێراق و دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەی تیرۆریستان تا کار گەیشتە ئەوەی موسڵ و تکریت و ئەنبار و بەشێکی زۆری ناوچەی عەرەبە سوننەکان لە عێراق کەوتنە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعش. بۆیە ئەم واقیعە وایکرد، بەغدا پێی خۆش بێت، یان پێی ناخۆش بێت، ئەمریکا ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان هاریکاری بکات و پشتگیری لە هەرێمی کوردستان بکات، دوای ئەم هەنگاوەی ئەمریکا، چەندین دەوڵەتی دیکەش بە تایبەتی

**بۆ ئێستای عێراق و لەگەڵ دامەزراندنی کابینەی نوێ بە سەرۆکایەتی د.حەیدەر عەبادی، ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە ئەزموونی هێزی پێشمەرگە لە بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستانی داعش لە سەرانسەری عێراق پیادە بکات**

**شەڕی تیرۆریستان پێویستی بە ئامێرێکی بەرگری لەناو جەستەی هەر کۆمەڵگەیەک هەیە، بەڵام بە درێژای شەڕی دژەتیرۆر بێجگە لە کۆمەڵگەی کوردستان، هیچ کۆمەڵگەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقیا نەیتوانی بیسەلمێنێت خاوەنی ئەو ئامێرە بەرگرییە و دەتوانێت وا بکات میکرۆبی تیرۆریستان زیان بەجەستەی کۆمەڵگە نەگەیەنێت**

**ئەڵمانیا کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی چەک و کەرەستەی سەربازی بۆ هیچ وڵاتێک نەناردووە، بەڵام بۆ هێزی پێشمەرگەی نارد، ئەمەش مانای ئەوەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەرچەرخانێکی تازەی لە تێڕوانینی جیهان لە شەڕی دژە تیرۆریستاندا دروستکرد**

ئەڵمانیا کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی چەك و کەرەستەی سەربازی بۆ هیچ وڵاتێك نەناردووە، بەڵام بۆ هێزی پێشمەرگەی نارد، ئەمەش مانای ئەوەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەرچەرخانێکی تازەی لە تێڕوانینی جیهان لە شەڕی دژە تیرۆریستاندا دروستکرد، بەگشتی خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەرگایەکی بۆ جیهان کردەوە بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوانەی دیکەش هەڵبگرێت:

١- لە سەرەتای ئەمساڵدا ستانلی ماك کریستاڵ لەگەڵ یەکێك لە پرۆفیسۆرەکانی زانکۆی هارڤارد لە دیراسەتێکی هاوبەشدا گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە پێویستە سوود لە ئامێری بەرگریی مرۆڤ بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر وەربگیرێت، ئەمەش بەو مانایەی تیرۆر وەك میکرۆب وایە و جەستەی هەموو مرۆڤێکیش بەشێك لە میکرۆبی تێدایە، بەڵام ئەوەی مرۆڤێکی تەندروست لە مرۆڤێکی نەخۆش جیادەکەوە، بەهێزیی ئامێری بەرگریی جەستەی مرۆڤەکەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە شەڕی تیرۆریستان پێویستی بە ئامێرێکی بەرگری لەناو جەستەی هەر کۆمەڵگەیەك هەیە، بەڵام بە درێژای شەڕی دژەتیرۆر بێجگە لە کۆمەڵگەی کوردستان، هیچ کۆمەڵگەیەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقیا نەیتوانی بیسەلمێنێت خاوەنی ئەو ئامێری بەرگرییەیە و دەتوانێت وا بکات میکرۆبی تیرۆریستان زیان بەجەستەی کۆمەڵگە نەگەیەنێت، تەنها کۆمەڵگەیەك کە توانی ئەم راستییە بسەلمێنێت، کۆمەڵگەی کوردستان بوو، ئامێری بەرگرییەکەشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو.

٢- ئەگەر لەم چوارچێوەیە سەیری سووریا بکەین، دەبینین سەرۆك ئۆباما راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە هیچ دوودڵ نییە لەوەی هێرشی ئاسمانی بکاتە سەر



بنکە و بارەگاکانی داعش لە سووریا، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو سووریا، بە ئۆپۆزسیۆن و رژێمی ئەسەدیشەوە ئەو ئامێرە بەرگرییە لەناو خودی کۆمەڵگەی سووریا بوونی نییە، ئەوا ئیدارەی ئەمریکی و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئامادە نین نە هاوکاری ئۆپۆزسیۆن بکەن نە رژێمی ئەسەد.

**٣-** بۆ ئێستای عێراق و لەگەڵ دامەزراندنی کابینەی نوێ بە سەرۆکایەتی د.حەیدەر عەبادی، ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە ئەزموونی هێزی پێشمەرگە لە بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستانی داعش لە سەرانسەری عێراق پیادە بکات، بۆ ئەمەش ئێستا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە هێزێك لەناو عەرەبی سوننە دروست بکات، بۆ ئەوەی خۆیان رووبەڕووی تیرۆریستانی داعش ببنەوە، لەم پێناوەشدا لە پێکهێنانی حکومەتەکەی عەبادیدا گوشاری دروست کردووە بەوەی پشکی عەرەبی سوننە پشکێکی بەرچاو بێت، هەروەها بۆ سوپای عێراقیش کە هەتا ئێستا پێکهاتەی ئەم سوپایە نوێنەرایەتی پێکهاتەی شیعە دەکات، مەرجی ئەمریکا ئەوەیە کە حکومەتی تازەی عێراق بێجگە لە پشتگیریی هێزی پێشمەرگە، هێزێکی تایبەتیش بۆ پارێزگاری لە هەموو پارێزگاکان دروست بکات.

هەموو ئەم گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی مانگێکدا هاتوونەتەئاراوە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی سەرکەوتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەر ئەمەش وایکردووە رۆژ لەدوای رۆژ هەموو جیهان بە چاوی ئومێدەوە سەیری ئاییندەی هەرێمی کوردستان دەکات.

**سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تەنها لە رێگەی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە بە هێرشی ئاسمانی لەلایەن ئەمریکاوە، توانی تەرازووی هێز لەسەر ئەرزی واقیع بگۆڕێت و گورزی کوشندە لە تیرۆریستانی داعش بوەشێنرێت**





پرۆفیسۆر مایکل نایت لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان:

# ستراتیژییە نوێیەکەی ئۆباما لە بەنداوی موسڵ و مەخموور و ئامرلی سەرکەوتوو بووە

**پرۆفیسۆر مایکل نایت گەورە تۆێژەری ئامۆژگای (واشنتۆن)ـە بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك و بەرپرسی پرۆگرامەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانە لە ئامۆژگای ناوبراو، سەبارەت بە راگەیاندنی ستراتیژە نوێیەکەی ئەمریکا لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە سووریا و عێراق، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستە کردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** بۆ دواجار سەرۆك ئۆباما ستراتیژیەتەکەی خۆی ئاشکرا کرد بۆ لە ناوبردن و تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کە بە داعش ناسراون. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژیەتە نوێیەدا پشت بە هێرشی ئاسمانی ئەمریکی و هێزە زەمینییەکانی عێراق و پێشمەرگە دەبەستێت، تا چ رادەیەك ئەم ستراتیژە نوێیە دەبێتە هۆی لەناوبردنی رێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام؟**

- ستراتیژیەتە نوێیەکە لە چەند شوێنێك ئەزموون کراوەو تاقیکراوەتەوە، لەوانە لە بەنداوی موسڵ، بەرگریکردن لە هەولێر، مەخموور، ئامرلی و ئێستاش لە حەدیسە. هێزی ئاسمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوشان بە هێزە زەمینییەکانی عێراق/ کورد بە رادەیەکی زۆر کاریگەرن و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، زەرەر و زیانێکی زۆری پێدەگات و خاك لە دەست دەدات. لە ئێستادا بۆی هەیە هاوپەیمانێتی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق و هەرێمی کوردستان بە رەوتێکی خێرا داعش لە سنورەکانی کوردستان پاك بکاتەوە و دووبارە دەرفەت دروست بکاتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی کۆنترۆڵی رووباری فورات و دیجلە و دیالە و دەشتی عوزێم بکاتەوە. ئەو کاتە تەحەددی داهاتوو سووریا دەبێت. دەبێت لە نزیکەوە لەوە بڕوانین کە داعش تاکتیکەکانی خۆی چۆن دەگۆڕێت. مەزەندەی ئەوە دەکەم داعش هەوڵەکانی چڕبکاتەوە بۆ سزادانی کورد بە رەوانەکردنی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو بۆ هەولێر و سلێمانی، هێزەکانی دژەتیرۆریش لە هەرێمی کوردستان زۆر گرنگ دەبن بۆ لە ناوبردنی ئەم هەڕەشەیە. هەروەها داعش هەوڵ دەدات کردەوەی تیرۆریستی لە کەربەلا و نەجەف و باشووری عێراق ئەنجام بدات لە سەروەختی عاشوورا و ئەربەعەین کە لە کۆتایی ساڵدا بەڕێوە دەچن.

*** بناغەی سەرەکیی سەرکەوتنی ستراتیژیەتەکەی ئۆباما بریتییە لە سەرکەوتنی حکومەتی تازەپێکهێنراوی عێراق بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی. بە بیر و بۆچونی ئێوە تا چەند ئەم حکومەتە نوێیە دەتوانێت کورد و سوننەکان لە خۆی رازی بکات بۆ ئەوەی وڵاتەکە لە شەڕکردن لە دژی تیرۆردا یەکگرتوو بێت؟**

- زۆرێك لە کوردەکان بەگومانن لەوەی سەرۆك وەزیران حەیدەر عەبادی جیاواز بێت لە مالیکی، ئەمەش قابیلی تێگەیشتنە، چونکە کوردەکان تاڵاوێکی زۆریان چەشت بەدەست (مالیکی )یەوە و (عەبادی ) یش سەر بە هەمان حزبە، واتە حزبی دەعوە. بەڵام پێموایە عەبادی جیاوازە لە مالیکی، هەم لەسەر ئاستی شەخسی و هەم لەسەر ئاستی پیشەییش. من قسەم لەگەڵ هەردووکیاندا کردووە، ئەوان تەواو جیاوازن لە توانایاندا بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنی ژیرانە. مالیکی بەڵێنی هەموو شتێکی دەدا، بەڵام هیچیانی جێبەجێ نەدەکرد، بەڵام عەبادی بە حەزەرە لەوەی پێشکەشی دەکات. بەلای کوردەوە وا دەردەکەوێت کە نایەتە پێشەوە، بەڵام بە باوەڕی من ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو بەڵێنی شتێك نادات کە نەتوانێت جێبەجێی بکات. ئەمەش رێگەیەکی باشترە بۆ دەستپێکردن. عەبادی دەسەڵاتێکی زیاتر بە سوننەکان دەدات لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی هێزە ئەمنییەکانی پاسەوانی نیشتمانی، وەك ئەوەی چەندین ساڵە لە ئەنباردا لەئارادایە. ئەو پێشنیاری دابەشکردنی داهات دەکات بۆ کوردەکان لە بەرامبەر ئەوەی نەوتی کورد بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا هەناردە بکرێت.

*** سەرۆك ئۆباما ئەوەی روون کردەوە کە پێویستە سوننەکان لە عێراقدا بگەنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت شەڕی دەوڵەتی ئیسلامیی داعش بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە هاوکاری وڵاتە عەرەبییەکان دەبێت، بەتایبەتی وڵاتی عەرەبستانی سعودیە. تا چ رادەیەك عەربەستانی سعودیە هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بۆ ئەوەی سوننەکانی عێراق شەڕ لە دژی داعش بکەن؟**

- باوەڕم وا نییە سعودیە هاوکاری زۆر پێشکەش بکات لە پەیوەندی بە عێراقەوە، دەستڕۆیشتوویی ئەوان زیاتر لە سووریادا هەستی پێ دەکرێت، کە مەشق بە هێزەکانی موعارەزە بکەن.

*** بە گوێرەی ستراتیژیەتەکە، دەبێت بە تەواوی مەشق و راهێنان بە سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە بکرێ و دژی داعش، پڕچەك بکرێن، ئایا پێتانوایە ئەم هێزانە بە تەنها دەتوانن هاوکێشەکە لەسەر ئەرزی واقیع بگۆڕن؟**

**پەرلەمانی بەریتانیا رەتیکردەوە پشتیوانی لە لێدانی ئەسەد بکات، کاتێک لە ساڵی ٢٠١٣دا چەکی کیمیایی بەکار هێنا، ئەمەش ئامادەیی ئەمریکای بۆ گورزوەشاندن کەم کردەوە**

**عەبادی جیاوازە لە مالیکی، هەم لەسەر ئاستی شەخسی و هەم لەسەر ئاستی پیشەییش. من قسەم لەگەڵ هەردووکیاندا کردووە، ئەوان تەواو جیاوازن لە توانایاندا بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنی ژیرانە. مالیکی بەڵێنی هەموو شتێکی دەدا، بەڵام هیچیانی جێبەجێ نەدەکرد، بەڵام عەبادی بە حەزەرە لەوەی پێشکەشی دەکات**



- بڕواننە وەڵامی پرسیاری یەکەم. هێزی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوشان بە هێزە زەمینییەکانی عێراق/ کورد بە رادەیەکی زۆر کاریگەرن و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، داعش، زەرەر و زیانێکی زۆری پێدەگات و بەردەوام خاك لەدەست دەدات.

*** پێدەچێت ٤٠ دەوڵەت وەك هاوپەیمان بەشداری لە جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتەدا بکەن، بەڵام تەنها دە دەوڵەت هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا کردووە، بەڵام هێشتا هەڵوێستی دوو وڵاتی گرنگ ئاشکرا نییە، کە ئەو دوو وڵاتەش بریتین لە تورکیا و بەریتانیا. تا چ رادەیەك گرنگە لەم شەڕەدا بەشدارییەکی بەرفراوان لەلایەن تورکیا و بەریتانیاوە بکرێت؟**

- هەر دوو وڵاتەکە رووبەڕووی بەرهەڵستی ناوخۆیی بوونەتەوە لە بەشداریکردنیان لە هێزە شەڕکەرەکاندا. خەڵکی بەریتانیا وا هەست دەکات لەلایەن ئەمریکاوە پەلکێشی عێراق کران لە ساڵی ٢٠٠٣دا و ئێستاش ئەوان هەستیارن لەو رووەوە، پەرلەمانی بەریتانیا رەتیکردەوە پشتیوانی لە لێدانی ئەسەد بکات، کاتێك لە ساڵی ٢٠١٣دا چەکی کیمیایی بەکار هێنا، ئەمەش ئامادەیی ئەمریکای بۆ گورزوەشاندن کەم کردەوە. هەستی من ئەوەیە ئەم جارە بەریتانیا گورز دەوەشێنێت. تورکیاش رووبەڕووی هەمان بەرهەڵستی بۆتەوە لە تێوەگلانی لە گورزوەشاندندا، بەڵام فاکتەرێکی دیکەش لەئارادایە کە بریتییە لە بوونی ٤٩ دیبلۆماتکاری تورکی دەستبەسەرکراو لای داعش و بوونێکی بەهێزی داعش لە تورکیا، کە بۆی هەیە هێرش بکەنە سەر تورکیا و کەشی وەبەرهێنان و گەشت و گوزار تێك بدەن.

*** خاڵی گرنگ بریتیە لە گورزوەشاندن لە بنکەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی داعش لە سووریا، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو کە ئۆباما بڕیاریدا لە سووریاش گورزیان لێ بوەشێنرێت، ئایا باوەڕتان وایە ئەوە بە بێ هاوکاری لەگەڵ سووریادا بەدی بێت، یاخود ئۆباما پشت بە سوپای سووریای ئازاد دەبەستێت؟ ئەگەر ئۆباما پشت بە سوپای سووریای ئازاد ببەستێت، ئایا تا چ رادەیەك شەڕکردنەکە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی داعش، بۆ شەڕی رووخاندنی رژێمەکەی ئەسەد دەگۆڕێت ؟**

- ئیدارەی ئۆباما روونە لەوەدا کە کار لەگەڵ ئەسەددا ناکات و پەرە بە سوپای سووریای ئازاد دەدات وەك هاوپەیمانی خۆی. هەموو هەوڵێك دەدرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەك لە داعش بدرێت کە سوود بە سوپای سووریای ئازاد و کوردەکانی سووریا، پەیەدە/ یەپەگە، بگەیەنێت، و کەمترین سوودی بۆ ئەسەد لێ بکەوێتەوە. ئەمەش تەحەددیەکی بێ ئەندازە ئاڵۆز دەبێت.

**لە ئێستادا بۆی هەیە هاوپەیمانێتی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق و هەرێمی کوردستان بە رەوتێکی خێرا داعش لە سنورەکانی کوردستان پاک بکاتەوە و دووبارە دەرفەت دروست بکاتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی کۆنترۆڵی رووباری فورات و دیجلە و دیالە و دەشتی عوزێم بکاتەوە**



پێشمەرگە سەلماندیان کە تا ئێستا ئەوان باشترین جەنگاوەرن لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوە وەرگرتنی کەل و پەل و زانیاری هەواڵگری و مەشق و راهێنان و پشتیوانی دیکە بۆی هەیە پتر بەهێزیان بکات

راستە هەندێ هێزی سەربازی پێویستە، بەڵام ئەمە تەنها شەڕێکی سەربازی نییە، بەڵکو شەڕی بردنەوەی عەقڵ و دڵی خەڵکەکەیە

کێشەی سوپای سووریای ئازاد ئەوەیە لە سەدان میلیشیای سەربەخۆ پێکهاتوون، بێ ئەوەی فەرماندەیەکی مەرکەزییان هەبێت. ناردنی چەک بۆ ئەو شەڕکەرانە ئەگەری ئەوەی هەیە سەربکێشێت بۆ کوشتنی زیاتری خەڵک و درێژکردنەوەی شەڕە ناوخۆییە خوێناوییەکە، نەک دروستکردنی هێزێکی یەکگرتوو کە توانای تێکشکاندنی داعش، یان رژێمەکەی ئەسەدی هەبێت

## پرۆفیسۆر ستیڤن زۆنس بۆ گوڵان:

# کوردستان بۆ جیهانی سەلماند کە دەتوانێت خۆی بەڕێوەبەرێت و بەرگری لە سەرووەری خۆی لە دژی تیرۆریستان بکات

**پرۆفیسۆر ستیفن زۆنس ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی سانفرانسیسکۆ و ڕێکخەری پرۆگرامەکانی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ناوبراو، هەروەها گەورە شرۆڤەکاری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە گۆڤاری فۆرین پۆلیس، بۆ قسەکردن لەسەر ستراتیژیەتی تازەی ئیدارەی ئۆباما بەرامبەر شەڕی تیرۆریستانی داعش و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەم شەڕە جیهانییەدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ستراتیژیەتی نوێی سەرۆك ئۆباما بۆ دژایەتی تیرۆریستانی داعش بریتییە لە هێرشی ئاسمانی، ئایا بە تەنها ئەم ستراتیژە دەبێتە هۆکارێك بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان؟**

- ئەم ستراتیژەی سەرۆك ئۆباما یارمەتیدەر دەبێت لە وەستاندنی پەلکێشانی داعش، بەڵام ئەگەر بتەوێت بە ڕاستی تێکی بشکێنیت، ئەوا دەبێت لە ناوەوەڕا ئەم هەوڵە بدرێت، بۆیە ئەگەر سەیری ئەو ناوچانە بکەین، کە ئێستا داعش داگیری کردوون، دەبینین ئەو ناوچانە خۆیان عەرەبی سوننەن، بۆیە ئەگەر ئامانج ئەوە بێت تیرۆریستان تێکبشکێندرێن، دەبێت لەو ناوچانەوەی کە داعش کونترۆڵی کردوون، هێزێك دروستبکرێت، چونکە بۆ نموونە، ئەگەر ئەو شارانە بکرێنە ئامانجی هێرشە ئاسمانییەکان کە داعش کۆنترۆڵی کردوون، نەك هەر تەنها قوربانی مەدەنی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو داعش وەك پڕوپاگەندە بەکاری دەهێنێت و وەك بەرگریکار لە موسڵمانان لە دژی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا خۆی دەردەخات. بە هەمان شێوە لەبەرامبەر هێزە عێراقییەکاندا بەسەرکردایەتی شیعەکان دەیکاتە شەڕێکی مەزهەبگەرا و ئەمەش پەلدەکێشیت بۆ ئەوەی خەڵك لە پێناوی باوەڕە مەزهەبگەراییەکەی شەڕ بکات. لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە لە ناو شیعەکان خەڵکانێك هەبن کە دژی ئەو شیعانەن کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانییان لێ دەکرێت. هەروەها سوننەکانی ناوچەکە کە ئەوانیش لەلایەن داعشەوە سەرکوتکراون دەیانەوێ جڵەوی ڕزگارکردنی شار و ناوچەکانیان بگرنەدەست لە دژی داگیرکردنیان لەلایەن هێزەکانی داعشەوە. ئێمە چەند ساڵێك پێش ئێستا بینیمان کە هۆزە عەرەبییە سوننەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە ڕزگارکردنی ناوچەکانیان لە دەست ئەلقاعیدە، ئەمەش واتە بەرەنگاری خەڵکە لۆکاڵەکەوە هۆکاری تێکشکانی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە، بۆ ئێستاش ئەوا ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە ناوخۆییەکان دژی تیرۆریستان و هاوکاری نەکردنیان لەلایەن خەڵکە لۆکاڵەکەوە هۆکاری سەرەکی دەبن لەشەری تێکشکانی تیرۆریستانی داعشدا.

**تیرۆریستانی داعش بەهێزن و ئەمەش پێویستی بە هاوکاری دەرەکی هەیە، بەڵام دەبێت هاوکارییەکە بەپێی پێویستی بێت. بۆ ئەوەی داعش هەستی نەتەوەیی و ئایینی بۆ مەرامی خۆی بەکار نەهێنێت**

*** ئیدارەی ئۆباما مەرجی سەرەکیی بۆ بەغدا پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ و دوورخستنەوەی نوری مالیکی بوو، ئایا ئەم حکومەتە تازەیە بە سەرۆکایەتی د.عەبادی دەتوانێت لە ئاستی ئەو ئەرکە بێت و شەڕی تیرۆریستان بکات؟**

- دوورخستنەوەی سەرۆك وەزیران مالیکی، یەکەم هەنگاوی گرنگ بوو، بەڵام ڕەنگە متمانەی سەرۆك ئۆباما بە حکومەتی نوێ پێشوەختە بێت، چونکە دەبێت حکومەتی نوێ خۆی بسەلمێنێت کە حکومەتی هەموو خەڵکە، بۆ ئەوەی خەڵکیش ئامادە بن کاری لەگەڵدا بکەن. ئەمریکا دەتوانێت چەند دەخوازێت چەك و ڕاوێژکار بنێرێت، بەڵام ئەگەر خەڵکی ئامادە نەبن شەڕ بکەن و لە پێناوی حکومەتی خۆیاندا بمرن، ئەوا ناتوانرێت شکست بە داعش بهێنرێت. هۆکاری ئەوەی پێشمەرگە باشتر بووە، ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان میسداقییەتی زیاتری هەیە لە چاوی خەڵکەکەیدا بە بەراورد لەگەڵ حکومەتەکەی بەغدا لە چاوی عەرەبەکانەوە. باوەڕم وایە ئەمە گرنگە. بە بۆچوونی من هەڵەی گەورە کە ئیدارەی ئۆباما کردوویەتی ئەوەیە زیاتر لە ٢٥ ملیار دۆلاری وەك هاوکاری ناردووە بۆ بەغدا، بەبێ ئەوەی مەرجی ئەوە لەسەر حکومەت دابنێت کە گەندەڵی پاك بکاتەوە و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و عەرەبی سوننە و کورد بگرێت. لەم هەفتەیەی دواییدا ئەمریکا لەم ڕووەوە فشاری زیاتری دروستکرد، ئەمەش شتێکی باشە، بەڵام دەبێت فشاری بەهێزتر هەبێت و بەردەوام بێت.

**هەڵەی گەورە کە ئیدارەی ئۆباما کردوویەتی ئەوەیە زیاتر لە ٢٥ ملیار دۆلاری وەک هاوکاری ناردووە بۆ بەغدا، بەبێ ئەوەی مەرجی ئەوە لەسەر حکومەت دابنێت کە گەندەڵی پاک بکاتەوە و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و عەرەبی سوننە و کورد بگرێت**

*** ئایا چۆن لە پێگەی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەڕوانن؟**

- ئەم قەیرانە گرنگیی هەرێمی کوردستانی ڕوون کردەوە و ئەوەی سەلماند کە سەرەڕای چەندین کێشە و سەرەڕای هەندێ جیاوازی لەسەر چەند مەسەلەیەك لە نێو کوردەکاندا، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان میسداقیەتی زیاتری هەیە و بەهێزترە لە کاردانەوەکانیدا بە بەراورد بە حکومەتەکەی بەغدا. ئەوان گەمەکارێکی سەربەخۆن لە ناوچەکەدا کە دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت.

*** چاوەڕێ دەکرێت لەسەر ئاستی نێودەڵەتی هاوپەیمانییەکی فراوان دژ بە تیرۆریستانی داعش دروست بێت، ئایا پێویستە ئەمجارە هاوپەیمانان چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی تیرۆر بکەن؟**

- گرنگترین هۆکار لە تێکشکاندنی داعشدا پێویستە سیاسی بێت، نەك سەربازی. پێویستە گۆڕانکاری سیاسی لە نێوان لایەنەکانی عێراق و سووریادا بێتەدی. بەدڵنیاییەوە رەنگە وڵاتە دەرەکییەکان هەندێ بەشداری بکەن لە بەهێزکردنی دامەزراوە سیاسییەکان و لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا، بەڵام دەبێت سەرەتا و پێش هەر شتێك گۆڕانکارییەکە لە ناو عێراق و سووریاوە سەرچاوە بگرێت. کێشەی تێوەگلانی سەربازی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئەوەیە ئەگەرچی رەنگە هەندێ دەستێوەردانی سەربازیی نێودەوڵەتی پێویست بێت بۆ تێکشکاندنی داعش، بەڵام مێژووی ناوچەکە پیشانی داوە کە هێزە دەرەکییەکان بەرژەوەندی خۆیان هەیە، هەروەها لایەنی ستراتیژی و لایەنی ئابووری لە ئارادایە کە لە نەوتدا خۆی دەبینێتەوە. لەم هاوکێشەیەدا من دان بەوەدا دەنێم کە تیرۆریستانی داعش بەهێزن و ئەمەش پێویستی بە هاوکاری دەرەکی هەیە، بەڵام دەبێت هاوکارییەکە بەپێی پێویستی بێت. بۆ ئەوەی داعش هەستی نەتەوەیی و ئایینی بۆ مەرامی خۆی بەکار نەهێنێت و بۆ ئەوەی هێزە دەرەکییەکان کەڵك لە رەوشەکە وەرنەگرن بۆ پەرەپێدانی ئامانجەکانی خۆیان کە خۆی لە سەپاندنی هەژموونداا دەبینێتەوە، ئەوا باوەڕم وایە جیاوازی گەورە لە نێو عەرەبی عێراق و سووریادا بریتی نییە لە جیاوازی نێوان سوننە و عەلەوییەکان، بەڵکو بریتییە لە جیاوازی نێوان تایەفەگەری و ناسیۆنالیستی لە نێو ئەم کۆمەڵگەیانەدا. کەواتە تۆ ناتەوێت هانی ئەو کەسانە بدەیت کە پشتیوانی لە مەیلە تایەفەگەرییەکان دەکەن، هەروەها دەتەوێت پاڵپشتی ئەوە کەسانە بکەیت کە دان بە مافی کەمینەکاندا دەنێن، ئەوانەی دان بەوەدا دەنێن کە پێویستە هەموان لە ناوچەکەدا مافیان هەبێت و سەرکوت نەکرێن، نە لەلایەن کەمینەیەکی تایەفەگەرییەوە، نە لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە.

*** لایەنێکی گرنگ لە شەڕی تیرۆریستانی داعش، سوورییایە، ئەمریکا نە دەتوانێت هەماهەنگی لەگەڵ ئەسەد بکات، نە لەگەڵ سوپای ئازاد، ئایا بەرەی ئەم شەڕە چی لێ دێت؟**

-کێشەی سوپای سووریای ئازاد ئەوەیە لە سەدان میلیشیای سەربەخۆ پێکهاتوون، بێ ئەوەی فەرماندەیەکی مەرکەزییان هەبێت. ناردنی چەك بۆ ئەو شەڕکەرانە ئەگەری ئەوەی هەیە سەربکێشێت بۆ کوشتنی زیاتری خەڵك و درێژکردنەوەی شەڕە ناوخۆییە خوێناوییەکە، نەك دروستکردنی هێزێکی یەکگرتوو کە توانای تێکشکاندنی داعش، یان رژێمەکەی ئەسەدی هەبێت. داعش هەندێ لە چەکەکانی بەهۆی داگیرکردنی ئەو پێگانەوە بەدەست هێناوە کە لەلایەن میلیشیای سوپای سووریای ئازادەوە کۆنترۆڵ کرابوون و لە هەندێ حاڵەتدا هەندێ لەم گرووپانە بەرەو رادیکاڵییەت چوون لە خەباتیاندا و لە کۆتاییدا چوونە نێو داعشەوە. لەبەر ئەوە مەترسییەکی راستەقینە هەیە لە پشتیوانیکردنی سوپای سووریای ئازاد. ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە پێدەچێت بەدیلێکی باشتر بێت، چ لە داعش، یان رژێمی دیمەشق. داعش بۆتە گرووپێکی بەهێز، سەرەڕای ئەوەش کە تا رادەیەك ژمارەیەکی کەمی شەڕکەریان هەیە، بەڵام توانییان سوود لە حوکمڕانی خراپ و سەرکوتکاری وەربگرن کە لە لایەن دیمەشق و بەغداوە ئەنجام دەدران. دووبارە لە کۆتاییدا دەبێت بۆ تێکشکاندنی داعش بەلای کەمەوە هێندەی ئەوەی جەخت لەسەر کێشە سەربازی و ستراتیژییەکان دەکرێتەوە، ئەوەندەش جەخت لە سەر کێشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بکرێتەوە. بەڵێ راستە هەندێ هێزی سەربازی پێویستە، بەڵام ئەمە تەنها شەڕێکی سەربازی نییە، بەڵکو شەڕی بردنەوەی عەقڵ و دڵی خەڵکەکەیە.

*** بە گوێرەی ستراتیژیەتەکە، دەبێت بە تەواوی مەشق و راهێنان بە سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە بکرێ و دژی دەوڵەتی ئیسلامیی داعش پڕچەك بکرێن، ئایا پێتانوایە ئەم هێزانە بە تەنها دەتوانن هاوکێشەکە لەسەر ئەرزی واقیع بگۆڕن؟**

- بە باوەڕی من پێشمەرگە سەلماندیان کە تا ئێستا ئەوان باشترین جەنگاوەرن لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوە وەرگرتنی کەل و پەل و زانیاری هەواڵگری و مەشق و راهێنان و پشتیوانی دیکە بۆی هەیە پتر بەهێزیان بکات، پێشمەرگە دەتوانن رێگری لە پەلهاوێشتنی داعش بکەن بۆ هەرێمی کوردستان و ناوچەکە، من نیگەرانم لەبارەی هێنانی هێزی دەرەکییەوە، نیگەرانم لە دەستڕۆیشتووی ئەو هێزانە لە رووی ئەوەی خاوەنی ئامانجی هەژموونگەرایی بەرتەسکن، هەروەها لەبەر ئەوەی بوونی کەسانی بیانی لە ناوچەکەدا کاردانەوە دروست دەکات، کە داعش سوودی لێ وەردەگرێت و خۆیان وا وێنا دەکەن کە لە دژی ئیمپریالیزمی رۆژئاوا بەرگری لە جیهانی ئیسلامی دەکەن.

*** دوا وتەتان چییە؟**

باوەڕم وایە جارێکی دیکە ئەم قەیرانە ئەوەی بۆ جیهان سەلماند کە کوردستان نەتەوەیەکە کە دەتوانێك کارەکانی راپەڕێنێت، لە نێویاندا بەرگریکردن. ئایا ئەمە بەرەوپێش دەچێت بەرەو سەربەخۆیی؟ دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە بووە هۆی ئەوەی زیاتر بەرچاو بێت و جیهانیش زیاتری رێزی لێبگرێت.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان میسداقییەتی زیاتری هەیە لە چاوی خەڵکەکەیدا بە بەراورد لەگەڵ حکومەتەکەی بەغدا لە چاوی عەرەبەکانەوە**

**رووبەڕووبوونەوەی هێزە ناوخۆییەکان دژی تیرۆریستان و هاوکاری نەکردنیان لەلایەن خەڵکە لۆکاڵەکەوە هۆکاری سەرەکی دەبن لەشەری تێکشکانی تیرۆریستانی داعشدا**

**چەند ساڵێک پێش ئێستا بینیمان کە هۆزە عەرەبییە سوننەکان رۆڵێکی گەورەیان بینی لە رزگارکردنی ناوچەکانیان لە دەست ئەلقاعیدە**




# سەرۆکی فەرەنسا
# لە بەردەم مارشی ئەی رەقیبدا



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

**له مێژووی نزیكی فەرەنسادا، بەتایبەتی له ساڵی ١٩٨١ـەوە، كاتێك كە فرانسوا میتێران دەگاتە دەسەڵات، شوناسی كورد وەك قوربانییەكی بەرەڵاكراوی نێو كۆڵانەكانی مۆدێرنیتیێ، چەپی دەسەڵات بە لای خۆیدا رادەكێشێت و پاریس دەبێت بە یەكێك لە سەنتەره گرنگەكان بۆ ئەو «شۆڕشگێڕە» كوردانەی كە لە هیچ جێگەیەكی دنیای مۆدێرندا پەناگەیەكیان نەدەدۆزییەوە. لە پاریسدا ئەنیستیوتی كورد دادەمەزرێت، نوێنەرایەتی حزبە كوردییەكان دەكرێنەوە، دانیال میتێران، ژنی سەرۆك كۆمار خۆی وەك دایكی كوردان دەخاتەسەر شانۆ سیاسییەكان.**

له ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٤دا و بۆ یەكەمجار لە مێژووی كۆماری فەرەنسادا، سەرۆكێكی فەرەنسی سەردانی هەرێمی كوردستان دەكات و لەلایەن سەرۆكی هەرێم و بە مارشی «ئەی رەقیب» و «لا مارسەیەز» (مارشی كۆماری فەرەنسا) پێشوازی لێدەكرێت. پێموایە، ئەم سەردانەی فرانسوا هۆلاند یەكێكە لەو رووداوە گەورانەی كە دەكرێت زانستە سیاسییەكان بە وردی لە سەری رابوەستن و كار لەسەر هۆكار و دەرەنجامەكانی بكەن. بە گەرماوگەرم و بەشێوەیەكی خێرا دەگەڕێمەوە سەر پێنج رەگەزی سەرەكی، كە بەشداری زیندوو دەكەن لە دروستكردنی ئەم رووداوەدا و وا لە فرانسوا هۆڵاند دەكەن، كە وەك یەكەم سەرۆك كۆماری فەرەنسا، ئامادە بێت لە ژێر سێبەری ئاڵای كوردستاندا بوەستێت و گوێ لە مارشی «ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی كورد زمان» بگرێت.

**رەگەزی یەكەم:** فەرەنسای ئاسایش. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ دا، فرانسوا هۆلاند، لەبەردەم زیاتر لە هەزار و چوار سەد رۆژنامەنووسدا و بۆ یەكەمجار نهێنییەكی ترسناكی دەربڕی و وتی: بەپێی راپۆرتەكانی دەزگای هەواڵگری فەرەنسی، ٧٠٠ هاووڵاتی فەرەنسی لە ریزەكانی رێكخراوی «داعش»دان! ئەم لێدوانەی سەرۆكی فەرەنسا، لە كاتی خۆیدا چەندین ناوەندی فەرەنسی تووشی شۆك كرد. ٧٠٠ هاووڵاتی فەرەنسی، پەروەردەكراو لە سەر ئایدیۆلۆژیای داعش، كە لە ئەلفەوە تا یا، پێكهاتەیەكی بیناكراوە لەسەر نمایشكردنی زەبر و زەنگ بەشێوەی رادیكاڵ. لەم ئایدیۆلۆژیایەدا، كردەی سەربڕینی مرۆڤ لە بەردەم كامێراكاندا و كردەی ئاوخواردنەوە وەك یەك ئاسایی دەكرێنەوە! كردەی كوشتنی دەستەجەمعی و كردەی یاریكردنی دەستەجەمعی وەك یەك ئاسایی دەكرێنەوە! مرۆڤی داعشی، جا ئیتر فەرەنسی بێت، یان عێراقی، ئامادەیە بە دەم خەندەوە، منداڵ، ژن، پیاو، مەدەنی، چەكدار، موسڵمان، مەسیحی، رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی وەك یەك و لە مەیدانە گشتییەكاندا، یان لە بەردەم كامێراكاندا، یاخود لە كۆڵانەكانی فەیسبووكدا سەر ببڕێت. گەڕانەوەی پانزە لە سەدی ئەم حەوت سەد كەسە بۆ فەرەنسا، تەواوی كۆمەڵگەی فەرەنسی دەخاتە بەردەم ترسناكترین هەڕەشەوە. كاتێك موحەمەد مەرەحی فەرەنسی، كە یەكێك بوو لەو گەنجانەی لە نێو ئایدیۆلۆژیای داعشدا گۆشكرابوو، گەڕایەوە فەرەنسا، لە شاری تولوز و لەبەردەم قوتابخانەیەكی ساوایاندا و بە خوێنێكی ساردەوە، چەندین منداڵی فەرەنسی گوللەباران كرد و بەردەم قوتابخانەكەی پڕكرد لە خوێنی ئەو ساوایانەی كە تازە فێری ئەوە ببوون بە دایكیان بڵێن: رۆژباش دایە گیان! لێرەوە، ئەو ٧٠٠ موحەمەد مەرەحەی نێو داعش و ترسی گەڕانەوەیان بۆ فەرەنسا، دەبێت بە یەكێك لە ئەولەوییەتەكانی سەرۆك كۆماری فەرەنسا و هەموو رێگەكان، بە رێگەی هەولێریشەوە، دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی كۆمەڵگەی فەرەنسی بپارێزێت لە زەبر و زەنگی رادیكاڵییان. دیپلۆماتێكی فەرەنسی، كە هاوڕێیەتی فرانسوا هۆلاندی دەكرد لە هەولێر، دەڵێت: رێگەنادەین كە دەوڵەتێكی تیرۆریست لە موسڵدا دروست ببێت، كە تەنها ٥ كاتژمێر بە فڕۆكە لە پاریسەوە دوورە!

**رەگەزی دووهەم:** فەرەنسای ئابووری. لە ئێستا و ئێرەدا قەیرانێكی ئابووری سەخت ئەوروپا بەگشتی و فەرەنسای بەتایبەتی گرتووەتەوە. رێژەی بێكاری لە فەرەنسادا بۆ یەكەم جار ١٠٪ی تێپەڕاند، ژمارەی هەژاران هەشت ملیۆن و پێنج سەد هەزار كەسیان تێپەڕاندووە، ژمارەی ئەو كەسانەی كە لەسەر جادەكان دەخەون و بێ جێگەن، بۆ یەكەمجار ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار كەسیان تێپەڕاند، دیسانەوە ئەم ساڵیش گەشەی ئابووری لە فەرەنسادا لە پلەی سفردایە. لە هەلومەرجێكی ئاوادایە كە فەرەنسای فرانسوا هۆلاند لە گەڕانێكی بەردەوامدایە بە دوای سەرزەمینی نوێی وەبەرهێناندا. كوردستانی عێراق كە چەندین ساڵە هەڵگری هەردوو بنەمای «ئاسایش/ سێكیورتیێ» و «سەقامگیری/ستابیلیتیێ»یە، یەكێكە لەو سەر زەمینە نوێیانەی كە فەرەنسا بە هەموو توانا ئابوورییەكانیەوە رووی تێكردووە. شەریكە گەورەكانی وەك لافارج، تۆتال، تەنانەت ئوشانیش بە قووڵایی كوردستاندا

**مرۆڤی داعشی، جا ئیتر فەرەنسی بێت، یان عێراقی، ئامادەیە بە دەم خەندەوە، منداڵ، ژن، پیاو، مەدەنی، چەكدار، موسڵمان، مەسیحی، رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی وەک یەک و لە مەیدانە گشتییەکاندا، یان لە بەردەم کامێراکاندا، یاخود لە کۆڵانەکانی فەیسبووکدا سەر ببڕێت**

**كوردستانی عێراق كە چەندین ساڵە هەڵگری هەردوو بنەمای «ئاسایش/ سێكیورتیێ» و «سەقامگیری/ستابیلیتیێ»یە، یەكێكە لەو سەر زەمینە نوێیانەی كە فەرەنسا بە هەموو توانا ئابوورییەكانیەوە رووی تێكردووە**

**دیپلۆماتە فەرەنسییەکان گرەوێکی گەورەیان لەسەر کوردستانی عێراق کردووە و، پێیانوایە بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەت و کۆمەڵگە لە کوردستاندا تا ئاستێکی بەرز لاییک و سکۆلارن**

**پاراستنی مەسیحییەکانی رۆژهەڵات یەکێکە لەو بابەتانەی کە هیچ فەرمانڕەوایەکی فەرەنسی، لە لویسی چواردەوە تا فرانسوا هۆڵاند، ئامادە نییە و ناتوانێت دانوستانیان لەسەر بکات**

چوونەتە خوارەوە و سەدان ملیۆن دۆلاریان خستووەتە چەندین پرۆژەی جیاوازەوە، تەنانەت هەردوو شەریکەی (رۆنۆ و پیجۆ)ش لە دروستکردنی پردی راستەوخۆدان لەگەڵ کوردستاندا. بەم شێوەیە، هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر کوردستانی عێراق، راستەوخۆ دەبێت بە هەڕەشە بۆسەر تەواوی ئەو پرۆژە ئابوورییە فەرەنسییانەی کە جێگیرکراون، یان لەسەر رێگەی جێگیرکردندان. ئەمەش وەك یەکێك لە هێڵە سوورەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسا وێنادەکرێت. بێهوودە نییە کاتێك کە هەولێر دەکەوێتە بەردەم مەترسییەوە، فەرەنسا وەك یەکەم وڵاتی رۆژئاوایی، جبەخانەکانی بۆ پێشمەرگە دەکاتەوە.

**رەگەزی سێیەم:** فەرەنسای مۆدێل. جیاواز لە وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا، فەرەنسا خۆی بە هەڵگری مۆدێلێکی تایبەت لە دەوڵەت و کۆمەڵگە تەماشا دەکات. دەوڵەتێکی بیناکراو لەسەر ئایدیای لاییکی (واتە جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین) و کۆمەڵگەیەکی سکۆلار (واتە بیناکردنی کۆمەڵگە لەسەر بەها مەدەنییەکان، نەك بەها ئایینییەکان). دیدی فەرمیی کۆماری فەرەنسا بۆ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو شێوەیە کە تا ئەم مۆدێلە لە دەوڵەت و کۆمەڵگە لە رۆژهەڵاتدا دروست نەبێت، چیرۆکی زەبروزەنگ کۆتایی پێنایەت. دیپلۆماتە فەرەنسییەکان گرەوێکی گەورەیان لەسەر کوردستانی عێراق کردووە و، پێیانوایە بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەت و کۆمەڵگە لە کوردستاندا تا ئاستێکی بەرز لاییك و سکۆلارن. ئەوان پێیانوایە پشتگیریکردن لەم مۆدێلە کوردییە، ئەرکێکی ئەخلاقییەو فەرەنسا دەبێت بە ئەرکی مێژوویی خۆی هەستێت و هاوڕێیەتی کوردستان، چ وەك دەوڵەت و چ وەك کۆمەڵگە بکات. من ئەم گوتارەم لەچەندین ناوەندی سیاسی و تەنانەت ئەکادیمیش بیستووە و بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە. لێرەوە ئەم رەگەزە دەبێت بە یەکێك لە پێکهێنەرەکانی سەردانی هۆڵاند بۆ کوردستان.

**رەگەزی چوارەم:** فەرەنسای مێژوویی. لە مێژووی نزیکی فەرەنسادا، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٨١ـەوە، کاتێك کە فرانسوا میتێران دەگاتە دەسەڵات، شوناسی کورد وەك قوربانییەکی بەڕەڵاکراوی نێو کۆلانەکانی مۆدێرنیتیی، چەپی دەسەڵات بە لای خۆیدا رادەکێشێت و پاریس دەبێت بە یەکێك لە سەنتەرە گرنگەکان بۆ ئەو «شۆڕشگێڕە» کوردانەی کە لە هیچ جێگەیەکی دنیای مۆدێرندا پەناگەیەکیان نەدەدۆزییەوە. لە پاریسدا ئەنیستیوتی کورد دادەمەزرێت، نوێنەرایەتی حزبە کوردییەکان دەکرێنەوە، دانیال میتێران، ژنی سەرۆك کۆمار خۆی وەك دایکی کوردان دەخاتەسەر شانۆ سیاسییەکان، تەنانەت فەرەنسای سیاسی دێت و ئەنجومەنی ئاسایش ناچار دەکات بە بڕیاری پاراستنی کوردەکان لە دڕندەیی سوپای سەدام حوسەینی نەوەدەکان. لە ساتەوەختی جەنگی ناوخۆدا، دیسانەوە پاریس دەبێتەوە بە یەکێك لە سەنتەرە گرنگەکانی کۆکردنەوەی ئەو «برایانەی» کە جەنگی «خودکوژی»یان دەکرد. لەنێو ئەم مێژووەدا، یادەوەری کۆلێکتیڤی فەرەنسی شوناسێکی بۆ کورد دروست کردووە کە دەتوانین ناوی بنێین شوناسی «قوربانی»، کوردبوون وەك قوربانی. هەر پەلاماردانێکی ئەم قوربانییە، یادەوەری کۆلێکتیڤی فەرەنسی رادەچڵەکێنێت و دەیخاتە بەردەم کۆمەڵێك بڕیاری ئەخلاقییەوە، وەك ئەوەی کە فەرەنسا لە پاراستنی ئەم قوربانییە بەرپرس بێت!

**رەگەزی پێنجەم و کۆتایی:** فەرەنسای مەسیحی. راستە لە فەرەنسادا دەوڵەت لاییکە و کۆمەڵگەش سکۆلار (بەو شێوەیەی کە پێشتر باسمکرد)، بەڵام ئەوەش راستە کە بە درێژایی مێژوو، فەرەنسا خۆی بە کچە گەورەکەی کەنیسە زانیوە و هەمیشەماڵی یەکەمی مەسیحییە چەوسێنراوەکانی جیهان بووە، بەتایبەتی مەسیحییەکانی رۆژهەڵات. کاتێك کە رێکخراوی داعش، مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی خیلافەت دەخاتە بەردەم سێ بژاردەوە: یان موسڵمان بوون، یان جزیەدان، یان بارکردن، کاتێك کە زیاتر لە دوو سەد هەزار مەسیحی ناچار بە راگوێزان دەکرێن و رێگەی کوردستان دەگرنەبەر، ئیدی کۆی جەستەی جمهوورییەت دیسانەوە رادەچڵەکێت. پاراستنی مەسیحییەکانی رۆژهەڵات یەکێکە لەو بابەتانەی کە هیچ فەرمانڕەوایەکی فەرەنسی، لە لویسی چواردەوە تا فرانسوا هۆڵاند، ئامادە نییە و ناتوانێت دانوستانیان لەسەر بکات. لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە، بەهێزکردنی پێگەی کوردستان، پاراستنی کوردستان یەکسان دەبێت بە پاراستنی مەسیحییەکانی عێراق بەگشتی.

ئەمە کۆی ئەو پێنج رەگەزیە کە دەستنیشانی چوارچێوەی گشتی ستراکتۆری ئامادەیی فرانسوا هۆڵاند لە کوردستان دەکەن. بێگومان لە ژێر هەر یەکێك لەم رەگەزانەدا، چەندین ژێرە رەگەزی دیکە هەن، کە دەکرێت لە کات و شوێنی دیکەدا لە سەریان رابوەستین و قسەیان لەسەر بکەین.

---

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

# (١٥)ی ئەیلوول ڕۆژی دیموکراسی لەجیهاندا

کۆمەڵەی گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بە بڕیاری (أ/٦٢/٧)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیاری دا کە ڕۆژی (١٥)ی ئەیلوولی هەموو سـاڵێك بکاتە ڕۆژی دیموکراسـی لەجیهاندا، ئەم بڕیارەش سـوودی زۆری بۆ هاووڵاتییان بەگشـتی و توێـژی لاوان بە تایبەتـی هەبوو، چونکە لاوانی تەمەن نێوان (١٥) بۆ (٢٥) ساڵ دەگەنە نزیکەی (٢٠٪)ی دانیشتووانی جیهان.

لەبەر گرنگیی ئەم ڕۆژە، (بان کی مۆن)ی سـکرتێری گشـتیی نەتەوە یەگرتووەکان گوتی: «بە بۆنەی ڕۆژی دیموکراسی لە جیهاندا داوا لە سەرکردەکان دەکەم کە گوێ لە دەنگی خەڵـك بگرن، ڕێزی دەنگی خەڵك بگرن، وەك پێویست وەڵامدەرەوەی دەنگی خەڵك بن، چ بە ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیانەوە».

لەم ڕۆژەداو وەك بیرخستنەوەیەکی پێویست دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێك بدەم، ئەویش ئەوەیـە کە لە دواهەڵبژاردنەکەی هەرێمـی کوردسـتاندا بۆ دەنگدان بـەو کاندیدانەی کە شـایانی ئەندامێتی پەرلەمانی کوردسـتان بوون لەلایەن دەنگدەرانەوە، خاڵێك جێگەی سـەرنج و تێڕامان بوو، کە ئەویش بەشـداریکردنی بەرچاوی توێژی ئافرەتان و لاوان بوو لە پرۆسـەی هەڵبژاردندا، ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە چەندین سـاڵە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە بیانی و خۆماڵییەکانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیای جیهانیی و ناوخۆیی کاری زۆریان لەسەر کردووە.

ئەمـڕۆ لاوان و ئافرەتـان لـە هەمـوو ڕۆژێـك زیاتر گەیشـتوونەتە ئەو ئەنجامەی کـە هەڵبژاردن پایەیەکی گرنگە لە پایەکانی پرۆسـەی دیموکراسی و، لە ڕێگەی هەڵبژاردنیشـەوە ئەوی دەنگدەر نوێنەری ڕاسـتەقینەی خۆی بۆ ئەنجومەنە گشتییەکان دیار دەکات. واتە ئێستا زانـراوە کە حوکمڕانی پرۆسـەیەکە لـە (خەڵك)ەوە بۆ (خەڵك) و بەهۆی (خەڵك)ەوە.

جا کە ئـەوی (ئافرەت) و ئـەوی (گەنج)یش یەکێکن لەو خەڵکە، بۆیە بە پێویسـتیان زانی کە بەدەنگی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیار بکەن.

لێرەدا دەکرێت بە پرسـیارێکی سـاکار بپرسـین: بۆچی پرۆسەی هەڵبژاردن دەنگی ئێمەی پێویستە؟

یەکەم: چونکە دەنگمان یەکسـانە بە دەستنیشـانکردنی نوێنەرمان، چونکە بە دەنگی ئێمە نوێنەری خۆمان دیار دەکەین.

دووەم: دەنگـدان مافێکی بنەڕەتییە لـەو مافانەی کە مـاددەی (٢١)ی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە بۆی دابین کردووین.

سـێیەم: مافی هەر مرۆڤێکە کە لـە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی شارو وڵاتەکەی بەشدار بێت.

کەواتە با بپرسـین: بۆچی پرۆسەی هەڵبژاردن دەنگی ئەوی ئافرەتی پێویستە؟

پرۆسەی هەڵبژاردن دەنگی ئافرەتی پێویستە چونکە:

یەکەم: لەماوەی سـەد سـاڵی ڕابردوودا ئافرەتان خەباتێکی گەورەیان کردووە هەتا گەیشـتوونەتە ئەم ڕۆژەی کە ئافرەت مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی مسۆگەر کردووە.

دووەم: ئافرەتـان نیوەی کۆمەڵگەن، ناکرێت نیوەی کۆمەڵگە لە بڕیارداندا فەرامۆش بکرێن.

سێیەم : هێشتا و تا ئێسـتاش ڕێژەی بەشداربوونی ئافرەتان لـە بوارەکانی ژیاندا زۆر کەمـە، چونکە بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی (گراند سـۆرینتۆن بۆ کارە نێودەوڵەتییەکان) کە لە (٨)ی مارسـی (٢٠١٣)دا بڵاوکراوەتەوە، ڕێژەی سەدیی پۆسـتە باڵاکان کە ئافرەتان بەڕێـوەی دەبەن لە جیهاندا بەم شێوەیە:

لە ئاسـیا (٢٩٪)، لە وڵاتانـی یەکێتی ئەوروپا (٢٥٪)، لە ئەمریکای لاتین (٢٣٪)، لە ئەمریکای باکوور(٢١٪).

بۆیـە ئەمڕۆ زۆرێك لە ئافرەتان دەپرسـن: کە ئەوان نیوەی کۆمەڵن، بۆچی نیوەی دەسەڵاتیش نەبن؟

دێینەوە لای لاوان و دەپرسـین: بۆچی پرۆسەی هەڵبژاردن دەنگی ئەوی گەنج و لاوی پێویستە؟

پرۆسەی هەڵبژاردن دەنگی گەنجی پێویستە چونکە:

یەکـەم: بەپێی ئامارەکانی (یونسـکۆ) نزیکەی (٥٠٪)ی دانیشـتووانی جیهان تەمەنیان ژێر (٢٥) سـاڵە، بەم پێیەش ناکرێت نیوەی دانیشـتووانی جیهان خۆیـان لە بڕیاردان بۆ دیارکردنی نوێنەرانی خۆیان بێبەش بکەن.

دووەم: کێشـەکانی گەنجانی ئەم سـەردەمە باشتر دەناسرێن لەلایـەن گەنجـان خۆیانەوە، هەر خۆشـیان لـە ڕێگەی هەڵبژاردنـی نوێنەرانی خۆیانەوە ڕێگەچـارەی گونجاو بۆ کێشەکانیان دەدۆزنەوە.

سێیەم: دەنگدان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا خەونێکی سیاسیی هەموو گەنجێکە و چەندین سـاڵ لە چاوەڕوانیی گەیشتن بـە تەمەنی (١٨) سـاڵی بووە، هەتا بەو تەمەنە یاسـاییە گەیشتووە، بۆیە ئێستا کاتی بەدیهێنانی بڕیار و خەونەکانی خۆی دەبێت و، بەدەنگی خۆی ئایندەی خۆی دیار دەکات.

لە ڕۆژی جیهانیی دیموکراسیدا، بەهیوای زیاتر بەرەوپێشچوونی پرۆسـەی دیموکراسیی لە هەرێمی کوردستانداو، بە ئومێدی یادکردنـەوەی ئەم بۆنەیە لە داهاتوودا لە ژێر ئاڵای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com




**پرۆفیسۆر ئەلیزابێس فیری بەڕێوەبەری پرۆژەی ئامۆژگای بۆکینگزە بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و هەروەها تۆێژەری باڵاشە لە ئامۆژگای ناوبراو کە ماوەی زیاتر لە دەساڵە کار لەسەر ئەو ئاوارە ناوخۆییانە دەکات کە لە عێراقدا ئاوارە بوون، هەروەها ئاگاداری ئەو هەموو ئاوارانەیە کە روویان کردۆتە هەرێمی کوردستان، لە ئێستاشدا و دوای هێرشە تیرۆریستییەکانی داعش بەردەوامە لەسەر لێکۆڵینەوە دەربارەی ئاوارەکان بەگشتی و کەیسی ئێزدییەکان بەتایبەتی، هەر سەبارەت بەو دۆخە ئەم وتوێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گولان دەربڕی.**

### پرۆفیسۆر ئەلیزابێس فیری

### لە ئامۆژگای برۆکینگز بۆ گوڵان:

# ئەو زانیارییەی سەبارەت بەکارەساتی ئێزدییەکان لەبەردەستە زۆر زیاترە لە ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان

**دەمانەوێت خەڵکی کوردستان بەردەوام بن لەسەر نەریتی خانەدانی خۆیان و کار بۆ ئەوە بکەن کە ئاوارە و پەنابەران مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا بکرێت**

*** لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا پتر لە ملیۆنێک ئاوارەی ناوخۆیی هەن کە پێکهاتوون لە مەسیحی و ئێزدییەکان و بە سەدانیشیان لێ کۆمەڵکوژ کراون، لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون ببنە ئیسلام، ئایا چۆن جیهان لە سەدەی بیست و یەکدا رووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوە؟**

- چەند مەسەلەیەک هەیە لێرەدا، ئەوەی پەیوەندی بە داعشەوە هەبێت، ئەوا سەرۆک ئۆباما لە بارەی کاردانەوەی ئەمریکا رایگەیاندووە، یاخود کاردانەوەی بەرفراوان بۆ راگرتنی ئەو توندوتیژییە نەگریسەی دژی خەڵکی مەدەنی روودەدات، هەروەها هاوکاری ئەوانە بکرێت کە بێ ماڵ و حاڵ بوون، وەک ئاوارە ناوخۆییەکان و دۆزینەوەی چارەسەری خێرا بۆیان.

*** بەڵام وەک ئێوەش ئاگادارن تیرۆریستانی داعش هێزێکی درندەن و هەموو کارێکی نامرۆڤایەتی ئەنجامدەدەن، ئایا چۆن جیهان لەبەر ئەم هێزە نامرۆڤایەتییە دەبێت هەڵوێست وەربگرێت؟**

- ئەوەندەی من بزانم، ئەوا زۆر زەحمەتە داعش رێز لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بگرێت لەو ناوچانەدا کە کۆنترۆڵی کردوون. من زۆر گەشبین نیم کە حکومەتی سووریا و عێراق بە تەنها بتوانن ئەو هێزانە بوەستێنن. بە ملیۆنها کەس دوو وڵاتی سووریا و عێراق ئاوارە بوون و ئەوەش بەرپرسیارێتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بۆ وەستاندنی ئەو توندوتیژییە کار بە پەلە بکات بۆ ئەوەی خەڵک نەکوژرێن و ئاوارە نەبن و تاوانیان دەرهەق نەکرێت.

*** ئێوە چاودێری ئەو کارەساتە دەکەن کە رووبەڕووی کوردانی ئێزدی و کریستیانەکان بوونەوە لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش، ئایا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چ هەڵوێستێکی هەبێت لە ئاست ئەم کارەساتە مرۆییەدا؟**

- پێموایە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەرچییەکی





**ئەم بارودۆخە ئەوەی پیشاندا کە کوردستان چەند جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی عێراق و بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی زیاتر و ئەگەری هەنگاو هەڵگرتن بەرەو سەربەخۆیی بەهێزترە**

لەدەســـت بێت، بیکات بۆ وەســـتاندنی ئەو توندوتیژییە و هاریکاریی ئـــاوارەکان، هەروەهـــا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی کاری زیاتر بـــکات بۆ پشـــتیوانیکردنی کوردســـتان بۆ پاراســـتن و هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی بێ ماڵ و حاڵ بوون. جێی سەرســـامییە کە کوردستان بەو شێوەیە پێشوازی لەو هەموو خەڵکە ئاوارەیە دەکات و هەرچییەکی لەدەســـت بێت، بۆیان دەکات، بۆیە پێویستی بە پشتیوانی زیاتر هەیە.

*** پێویســـتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە چ شـــێوەیەك هاوکار بێت؟**

- باوەڕم وایە ئێمە زیاترمان گوێ لە ســـەرۆك ئۆباما دەبێت دەربـــارەی کردەوەی ســـەربازی دژی داعش، کە پێویســـتە کردەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت بۆ راگرتنی ئەو نەهامەتییانەی بەســـەر خەڵکدا دێن. لە رووی پشتیوانی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتیش بۆ ئـــاوارەکان، ئەوا چەندەها رێکخراوی نێودەوڵەتی هەن کە هەوڵی کۆکردنەوەی پارە دەدەن و دەبێت کار لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بۆ ئـــەوەی رێز لە مافی ئەو خەڵکانە بگیرێت و لە رەوشـــێکی ژیانی باشـــدا بن. کەواتە مەسەلەکە دوو لایەنی هەیە، هەم کار بکرێت بۆ راگرتنی ئەو تاوانانەی دژی ئەو خەڵکە ئەنجام دەدرێن، هەم هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی بەو دۆخە ئاوارە و زیانمەند بوون.

*** بەڵام لە ئێســـتادا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا پتـــر لە ملیۆنێك ئاوارەی ناوخۆیی هەن کە پێکهاتوون لە مەســـیحی و ئێزدییەکان، ئایا کوردستان چۆن دەتوانێت ئیـــدارەی ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارەکان بکات، کە نزیکەی نیوەی دانیشتووانی کوردستان پێکدەهێنن؟**

- مـــن دەزانم ژمارەکە جێی سەرســـوڕمانە و هەندێ لەو ئاوارەبوونانە زۆر خێرا روویان دا، بۆ چەندین ســـاڵیش خەڵك بەرەو کوردستان دەچوون، وەك بەشە سەلامەتەکەی عێـــراق، بۆ نموونە ئەوانەی لە موســـڵەوە کۆچیان کرد. بەڵام ئەگەر ســـەیری ژمارەی ئـــاوارەکان بکەیت و لەوە بڕوانیت لە کوێدا نیشتەجێن، وەك قوتابخانە و کامپەکان، ئەوا ئەمە هەوڵ و کۆششـــێکی زۆر گـــەورەی دەوێت، کـــە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاری زیاتر بکات بۆ پشـــتیوانیکردن و هاوکاریکردنیان بۆ دروستکردنی هەل و مەرجێك بۆ گەڕاندنەوەیـــان. هەروەها چەندین قوتابخانە لەلایـــەن ئـــاوارە ناوخۆییەکانەوە داگیر کـــراون، ئەمەش پرسێکی بە پەلەیە و پێویستە کاری زۆر زیاتر بکرێت بۆ چارەسەرکردنیان.

*** بەهـــۆی بڵاوبوونەوەی تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ســـەدەی بیســـت و یەکدا، ئەوا هەڵاتنی ئێزدییەکان بۆ**





**چیای شنگال بە زووترین کات تەواوی جیهانی نیگەران کرد و تا ئێستاش چاودێری دۆخەکە دەکەن، ئایا تا چەند پێویستە جیهان دان بەو کارەساتەدا بنێت و بە جینۆسایدی بناسێت، وەك ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەگان پێناسەی دەکات؟**

- بە گوێرەی ڕێککەوتنی تایبەت بە جینۆساید کاتێك ڕوودانی جینۆساید دەچەسپێندرێت، ئەوا بەرپرسیارێتی گرتنەبەری کردارێك دێتەئاراوە بۆ ڕاوەستاندنی، کەواتە هۆکاری ئەوەی حکومەتەکان دەستەواژەی جینۆساید بەکار ناهێنن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەگەر بەکاری بهێنن، ئەوا بەرپرسیارێتی یاساییان دەکەوێتەئەستۆ، ئەگەر لە پێناسەی جینۆساید بڕوانن، ئەوا تاوانی بەربڵاو لە خۆدەگرێت، هەروەها نیازی سڕینەوە، یان لە ناوبردنی گرووپێکی ئیتنی، یان ئایینی دیاریکراو لە خۆدەگرێت.

*** ئایا لێچوونێك بەدی دەکەیت لە نێوان ئێزدییەکان و ئەرمەنییەکاندا کە هەردووکیان لەسەر بنەمای ئایینی ڕووبەڕووی ئەو دۆخە کارەساتبارە بوونەوە؟**

- لە ئێستادا ئێمە زیاتر دەزانین لەبارەی ئەوەی دەرهەق بە ئێزدییەکان ڕوویدا، وەك لەوەی خەڵکی زانیارییان هەبوو لەبارەی ئەوەی لە کاتی خۆیدا بەسەر ئەرمەنەکان هات. ئێستا زانیاری زیاتر و وێنە و هەواڵی زیاتر و یوتیوب و تویتەر و سۆشیال میدیا هەن، ئیتر ئێستا ئێمە بیانووی ئەوەمان نییە کە بڵێین نازانین چی ڕوودەدات، وەك ئەو بیانوویەی بەکار هێنرا لە بارەی ڕوودانی جینۆسایدی ئەرمەنییەکانەوە.

*** چ ئاسۆیەك بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان دەبینی؟**

- پێموایە بزووتنەوەی سەربەخۆخوازی کوردی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە لە ئارادایە، و ئەم بارودۆخە ئەوەی پیشاندا کە کوردستان چەند جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی عێراق و بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی زیاتر و ئەگەری هەنگاو هەڵگرتن بەرەو سەربەخۆیی بەهێزترە بە بەراورد بە دوو ساڵ پێش ئێستا.

*** دوا وتەت چییە؟**

من تەنها دەمەوێت خوێنەرانتان لەوە دڵنیا بکەمەوە کە ئێمە زۆر نیگەرانین لە ئاست ئەوەی لە عێراق و لە کوردستان روو دەدات و ژمارەی ئاوارەکان زۆر زۆرە و لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە وڵاتەکەدا ڕوودەدات ڕەنگە ژمارەکە زیاتر بێت، دەمانەوێت خەڵکی کوردستان بەردەوام بن لەسەر نەریتی خانەدانی خۆیان و کار بۆ ئەوە بکەن کە ئاوارە و پەنابەران مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا بکرێت.

**هۆکاری ئەوەی حکومەتەکان دەستەواژەی جینۆساید بەکار ناهێنن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەگەر بەکاری بهێنن، ئەوا بەرپرسیارێتی یاساییان دەکەوێتەئەستۆ**

عەدنان موفتی بۆ گوڵان:

# شۆڕشی ئەیلوول کوردی بە جیهان ناساند و هەموو کوردیش بە شۆڕشی خۆی دەزانێ



**١١ی ئەیلوول ئەگەر بۆ ئێمەی کورد هێما بێت بۆ ئەو بەرخودان و مقاوەمەتەی لە ساڵی ١٩٦١ ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافەکانی دەستی پێکرد، ئەوا ئەم یادە لەسەر ئاستی جیهانیش بۆتە رۆژێك بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر و کارەساتی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١یش بووە هۆکاری دروستبوونی بەرەیەکی جیهانی دژ بە تیرۆریستانی قاعیدە، لە چەند رۆژی رابردوو لە یادی سیانزەمین ساڵوەگەڕی کارەساتی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١، جارێکی دیکە سەرۆك ئۆباما ستراتیژیەتی وڵاتەکەی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش راگەیاند، بۆیە ئەگەر ئەم بۆنەیە لەسەر ئاستی جیهان تایبەت بێت بە بەرپەرچدانەوەی تیرۆر، ئەوا بۆ ئێمەی کوردستانی مانایەکی دیکەشی هەیە کە دەسپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە، ئەو شۆڕشەی کە نەك تەنیا لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە سەرتاسەری کوردستان وەك ئومێد و شۆڕشێکی سەرتاسەری کوردستانی سەیر دەکرا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و بابەتە پێوەندیدارەکان بە گەلی کوردستان بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و خەلافەتە ئیسلامییەکەیان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** کاتێك ئەم دیدارە ئەنجام دەدەین ساڵوەگەڕی شۆڕشی ئەیلوولە و بەڕێزیشتان یەکێك بوون لە پێشمەرگەکانی ئەیلوول، ئایا ئەم شۆڕشە لای تۆ چ مانایەکی هەیەو چ دەسکەوتێکی بۆ گەلی کوردستان بەدەست هێناوە؟**

- ئەگەر بە چاوی ٥٠ -٦٠ ساڵی خەبات سەیری ئەو مێژووە بکەین، ئەوا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بەرجەستەکردنێکی سروشتی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بوو، لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی خەباتی دەکرد لە پێناوی ئەوەی کوردیش وەك ئەو گەلانەی کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون و خاکەکەیان پارچەپارچە کرابوو، ببێتە خاوەنی کیانی خۆی، هەتا ئەگەر لەو قۆناخەشدا نەتوانێت دەوڵەتی خۆی دروست بکات، ئەوا لەو وڵاتانەی کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە، بە مافەکانی خۆیان بگەن. بەڵام دوای ئەوەی پەیمانی سیڤەر شکستی هێنا و ویلایەتی موسڵ لکێنرا بە عێراقەوە، گەلی کوردستان ئومێدێکی هەبوو کە لەم وڵاتە تازەیەی پێی دەگوترێت عێراق، مافەکانی دابین بکرێت، بۆ ئەمەش هەندێك هەوڵدرا، بەڵام هەموو یەك لە دوای یەك شکستیان هێنا، هەروەها شۆڕشەکانی بارزانیش دیسان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە دامرکێندرانەوە، هەروەها کۆماری کوردستان لە مهاباد، ئەویش لە چوارچێوەی پیلانێك شکستی هێنا، دوای ئەمانە شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە عێراق روویدا، گەلی کوردستانیش وەك هەموو گەلانی عێراق بە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە دڵشاد بوون، بەڵام ئەو بەڵێن و مافانەش کە لە سەرەتای شۆڕشەوە بۆ کورد دیاری کرابوون، لەوانیش پاشگەز بوونەوە، بەتایبەتی لە بەندی سێیەمی دەستووری کاتیی عێراق کە تێیدا هاتبوو کورد و عەرەب هاوبەشن لە عێراقدا، بۆیە لەسەر بنەمای ئەم هۆکارانە، کارێکی سروشتی بوو کە شۆڕشی ئەیلوول هەڵبگیرسێت، لەبەر ئەوەی هەموو رێگەکانی دیالۆگ و گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەی کورد شکستی هێنابوو، بۆیە شۆڕشی ئەیلوول ئەو رێگەیە بوو کە کورد بۆ سەرفرازی گرتیەبەرو خەباتی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستانیشی بردە قۆناخێکی ترەوە، گەلی کوردستانی بە جیهان ناساند، لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول هۆیەکانی راگەیاندن وەك ئێستا نەبوون، بەڵام خەباتی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی شۆڕشی ئەیلوولدا لەسەر ئاستی جیهان دەنگی دایەوە، ئەم شۆڕشە چەندین قۆناخی بەخۆیەوە بینیوەو هەموو حکومەتە یەك لە دواییەکەکانی عێراق کە بە کودەتا دەهاتن، هەموویان شکستیان دەهێنا، هۆکاری

**کارێکی سروشتی بوو کە شۆڕشی ئەیلوول هەڵبگیرسێت، لەبەر ئەوەی هەموو ڕێگەکانی دیالۆگ و گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەی کورد شکستی هێنابوو، بۆیە شۆڕشی ئەیلوول ئەو ڕێگەیە بوو کە کورد بۆ سەرفرازی گرتیەبەر**

**لە دەساڵی ڕابردوودا سیاسەتی حکومەتی فیدراڵی بەغدا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی سوننە شکستی خواردووە، بەشێکی زۆریان هەست بە غوبن دەکەن، بۆیە کاتێ داعش چوونەتە ناویان بە ئاسانی ئەو ناکۆکییانەیان قۆستۆتەوە، دەبێت ئەو ناکۆکیانە نەهێڵرێن و سوننەی عەرەب لە حکومەتی عێراقدا بەشدارییان پێ بکرێت**

سەرەکیی شکستەکەشیان ئەوە بوو کە ئەو شۆڕشە بەردەوام بوو، هەندێك جاریش هەوڵیاندەدا بە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد کۆببنەوە، بەعسییەکان کە هاتن گفتوگۆیان دەست پێکرد، بەڵام لە بنەوە پیلانیان دەگێڕا، دواتر دوای ئەوانیش حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف و حکومەتی بەزاز بووە هۆی ئەوەی بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دەربچێت، ئەمانە هەموویان هەنگاو بوون بەرەو پێشەوە کە دوایی گەیشتنە ١١ی ئاداری ١٩٧٠، کە بۆ یەکەمین جار حکومەتی عێراق دانی بە مافی ئۆتۆنومی بۆ کوردستان هێنا، ئەوانە هەمووی بەرهەمی شۆڕشی ئەیلوول بوون، بەڵام دیسان لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ هەڵگیرسایەوە، بەڵام بەهۆی پیلانێکی نێودەوڵەتی ڕژێمی لەناوچووی سەدام لەگەڵ شای ئێران ڕێککەوتن و بووە هۆی ئەوەی شۆڕشەکە شکست بهێنێت، بەڵام ئەو شۆڕشە خەڵکی هۆشیار کردەوە، هەزاران شەهیدی لە پێناوی کوردستان بەخشی. شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی گەلەکەشمان کە لەساڵی ١٩٧٦شەوە تا دەگاتە ڕاپەڕین هەمووی یەك زنجیرەیە و یەك لەدوای یەك پێکەوە بەستراون، ئەو ئازادی و سەرکەوتنەی ئەمڕۆش بەدەست هاتوون، هەمووی بەرهەمی ئەو شۆڕشانەیە کە گەلەکەمان هەڵیگیرساندووە و قوربانی تێدا داوە.

*** یەکێك لە جوانییەکانی شۆڕشی ئەیلوول یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی گەلی کوردستان بوو، ئایا بۆ ئەمڕۆ تاچەند پێویستمان بە یەکڕیزی و یەك هەڵوێستییە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەموو تەحەدییەکانی ئێستامان ببینەوە بە شەڕی تیرۆریستان و هەروەها بە چارەسەرکردنی کێشەکانیشمان لەگەڵ بەغدا؟**

ـ ئەگەر تەماشای مێژووی گەلەکەمان بکەین، دەبینین هەر کاتێك یەکڕیزی هەبووبێت، سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، تەنانەت ئەگەر ڕووبەڕووی شکستیش بووبینەوە، توانراوە بە کەمترین زەرەر جارێکی دیکە گەلەکەمان خۆی بگرێتەوە، سەرکەوتنی شۆڕشەکان زۆرجار بەند بووە بەو یەکڕیزییە، لە شۆڕشی ئەیلوول و لە شۆڕشی تازەشدا لەناو بەرەی کوردستانی کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان دامەزرا، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی یەکڕیزی بۆ کورد چەند گرنگە. ئەگەر باسی بەرەی کوردستانی بکەین، لە ساڵانی ١٩٨٨ـ١٩٨٩کە بەرەی کوردستانی دامەزرا، حکومەتی عێراق هیچ شوێنێکی بە زەبری کیمیاوی و ئەنفالکردن و چەکی قەدەغەکراو بۆ ئێمە نەهێشتەوەو کەوتبووینە سەر سنوور، بە حەقیقەت هەرچی تەماشای دەکردین، دەیانوت شۆڕشەکەتان تەواو بووە، تاك و تەرا مەفرەزە مابوون، تا مەفرەزەیەکی پێشمەرگە دەگەیشتەوە ناو کوردستان، چوار پێنج مانگیان پێدەچوو، مەفرەزەیەك چوار مانگ گەڕابوون، یەك تاقە گوندێکیان نەدیتبۆوە، ئەو ماوەیە لەو کێو و دەشتانە هەر گیایان خواردبوو، تا خۆیان گەیاندبووە ئۆردوگایەکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی بەرەی کوردستانی دروست ببوو، وایکرد لە ڕووی سیاسییەوە سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنین و، پرسی کورد باشتر بگاتە هەموو وڵاتانی جیهان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەرەیە چەندین کۆنگرە لەسەر پرسی کورد سازکرا و سەرکەوتووش بوو، بەتایبەتیش کۆنفرانسی پاریس کە لە ساڵی ١٩٨٩ گرێدرا، کە ئەو کۆنفرانسە بۆ ئەو سەردەمە گۆڕانکارییەکی گەورە بوو بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای کوردستان و هەروەها باسکردنی تاوانەکانی ڕژێمی سەدام بەتایبەتی پرۆسەکانی ئەنفال و کیمابارانکردن، هەروەها دەتوانم بڵێم لە دوای ساڵی ١٩٩١یش بەرەی کوردستانی بوو، ڕابەرایەتی ڕاپەڕینی کرد و ئەو هەموو دەسکەوتانە بەدەست هاتن، بۆیە ئەمڕۆش کە ڕووبەڕووی شەڕی تیرۆریستانی داعش بووینەوە لەگەڵ هەموو جیهان، ئەوا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هەڕەشەش تەنها بە یەکڕیزی و بە پشتیوانی گەلی کوردستان و بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی جیهان دەتوانین ئەم مەترسییە دوور بخەینەوە، بەتایبەتی کە ئێستا هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی ڕێکخراوە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ دژایەتی تیرۆریستانی داعش. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وێڕای ئەوەی دەوڵەتێکی تیرۆریستی بۆتە دراوسێمان، بەڵام ئایندەی کوردستان بە گەشی دەبینم، لەبەر ئەوەی یەکڕیزی هەیە، پێشمەرگە بە گیانی پڕ فیداکاری بەرگری لە خاکی کوردستان دەکات، حکومەتێکمان هەیە لە هەرێمدا کە هەمووان تێیدا بەشدارن و هەمووان بەرپرسیارێتیان تێیدا هەیە، کەواتە تێکڕای میللەتی کورد کە خەڵك دەنگی بەم پەرلەمان و حکومەتە داوە، هەموویان لە یەك حکومەتدان و هەموویان شەڕی داعش دەکەن، بۆیە پێویستە هەموو تاکێکی کوردیش لەم ڕووەوە پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات. هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی هەموو جیهان بەهانامانەوە بێت و، هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بە هەند وەربگرن.

*** ئەگەرهەر لەسەر شۆڕشی ئەیلوول رابوەستین، دیارە شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشێکی سەرتاسەری جەماوەری بووەو کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان پشتیوانییان لێکردووە و لەناو شۆڕشەکەشدا بوونیان هەبووە، چی وایکرد کە هەموو خەڵکی کوردستان**

**پشتگیری لەو شۆڕشە بکەن؟**

- پێش هەموو شت باشووری کوردستان کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەبوو، یەکەم دەوڵەتی عێراق تازە دامەزرابوو، لەچوارچێوەی کۆمەڵەی گەلانیشدا بەڵێن درابوو لەو دەوڵەتە تازەیەدا مافی گەلی کوردستان لە عێراقدا پارێزراو بێت، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە لە بواری خوێندن و دامەزراندنی حزبی سیاسی پێشتر لە باشووری کوردستان دەست پێبکات. ئەمە وێڕای ئەوەی لە باکووری کوردستان لە ساڵانی ١٨٨٠ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلاو شۆڕشەکانی دیکە دەستیان پێکردبوو، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەبووە، بەڵام پاش دامەزراندنی عێراق خەباتی گەلی کوردستان زیاتر لە باشووری کوردستان سەری هەڵدایەوە، خاڵی دووەمیش ئەوەیە ئەگەرچی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان ناکۆکیش دروستبوو کە بووە هۆی لێکترازان، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو خەباتە بە یەکڕیزی بووە، بۆیە ئەو سەرکردایەتییەی شۆڕشی ئەیلوول هەیبووە، وایکردووە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش چاویان لێی بێت و ئومێدیان پێی بێت، لەگەڵ ئەوەی لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، خۆیان حزب و ڕێکخراوی جیاوازیان هەبوو، بەڵام پشتگیرییان لە شۆڕشی ئەیلوول دەکرد، لەگەڵ ئەوەی هەندێك ناکۆکیش دروست دەبوو، بەتایبەتی کە شۆڕشی ئەیلوول هەندێك کات ناچار دەبوو پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەوڵەت، یان ئەو دەوڵەت بکات، کە ئەمە هەندێك جار ناکۆکی لەسەر دروست دەبوو، بەڵام ناکۆکییەکان کاتیی بوون و نەبوونە بەربەرست لەبەردەم ئەوەی هەموو خەڵکی کوردستان شۆڕشی ئەیلوول بە شۆڕشی خۆی نەزانێت.

*** ئێستا کوردستان ڕووبەڕووی شەڕێکی سەختی تیرۆریستان بۆتەوە، هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شنگال تا خانەقین لە شەڕێکی گەورەدایە، ڕەوشی ئێستای کوردستان چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- خەڵکی کوردستان شانازی بەوە دەکات کە بۆ پێکەوەژیان و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی فەرهەنگێکی جوانی بۆ خۆی دروستکردووە، ئەو فەرهەنگەش ئەوەیە کە لە دوای ڕاپەڕینەوە فەرهەنگی دیموکراتی هەڵبژاردووە، لەم ماوەیەدا ناتوانین ناکۆکییەکان وەك شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی لەبیر خۆمان بەرینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیرادەی گەلەکەمان ئەوە بووە هیچ ڕێگەیەکی دیکە بێجگە لە دیالۆگ و دانوستاندن بۆ پێکەوەژیان نییە، بۆیە هەوڵدانی بەردەوام بۆ نەهێشتنی کەموکورتییەکان هەبووە، تا گەیشتە ئەوەی دوای ساڵانی ٢٠٠٠ جارێکی دیکە گەلی کوردستان پێکەوەژیانی بۆخۆی هەڵبژارد، ئەمەش نەك پێکەوەژیانی نێوان لایەنە سیاسییەکان، بەڵکو بەو مانایەی ئێمە ئایندە بەوجۆرە سەیر دەکەین، بەوەی بۆ خۆمان چیمان دەوێت، بۆ خەڵکی تریش هەمان شتمان بوێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کورد چۆن داوای مافی خۆی دەکات، ئاواش مافی ئەو نەتەوە و دواکەوتووانی ئەو ئایینانەشی لەگەڵی دەژین قبوڵ دەکات، بەتایبەتی تورکمان، کلدان و ئاشووری و سریان، ئەوجا لەناو گەلی کوردیشدا فرەئایینی هەیە، هەر بۆ نموونە کورد هەیە کریستیانە، یان ئێزدییە، یان کاکەییە، هەروەها لەناو کوردی موسڵمانیشدا مەزهەبی جیاواز هەیە، بەشێك لە خەڵکی کوردستان شیعەن، بەڵام ئەگەر لەنێو ئەم دیاردە فرەییە سەیر بکەین، دەبینین لەماوەی سەدان ساڵدا دیاردەی پێکەوەژیان بەشێوەیەکی گشتی بۆ کوردان دیاردەیەکی سەرەکی بووە، لەوانەیە هەندێك جار بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی، یان سەفەوی ئەو ناکۆکییانە هاتبنە کوردستان، بەڵام ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەسەر ئەو ناکۆکییانە زاڵ بووە، بۆیە ئەمڕۆش کە گەلی کوردستان خەبات دەکات و پێشمەرگە سەنگەرەکانی قایم کردووە بەرامبەر تیرۆریستان و تاڕادەیەکی زۆر ناوچە دابڕاوەکانیشی لە هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش و دوژمنان و ناحەزانی کوردستان پاککردۆتەوە، دەبێت بەهەموو شێوەیەك ئەمە بپارێزین و پشتگیری لە خەباتی پێشمەرگە بکەین، دەبێت خەڵکی کوردستانیش وریابێت، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و داعش تەنها بە پێشمەرگە ناکرێت، ئەمە شەڕێکی فرەلایەنە لە ڕووی سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بۆیە هۆشیاری خەڵك زۆر پێویستە بۆ ئەوەی هاوکاری دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی هیچ کەلێنێك لە نێوان یەکڕیزی خەڵکی کوردستان بوونی نەبێت.

*** دیارە گەورەترین کارەسات لەم شەڕەدا هێرشی تیرۆریستانی داعش بوو بۆ سەر ئێزدییەکان و هەروەها کۆمەڵکوژکردنیان، ئایا ئەم کارەساتە بۆ ئێمەی کورد چ وانەیەکی ترمان فێردەکات؟**

- پێش هەمووشت ئەم تاوانەی تیرۆریستان، تاوانێکە دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کراوە، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی ئێزدی بێت، یان کورد بێت، مرۆڤ بووە، ئەو مرۆڤەش خوا دروستی کردووە و جیاوازی لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤێکی دیکە نییە، بۆیە ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە، گەورەترین زیان لە ئیسلام دەدەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر مرۆڤێك مرۆڤێکی دیکە بکوژێت

**دوای ئەوەی پەیمانی سیڤەر شکستی هێنا و ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە لکێنرا، گەلی کوردستان ئومێدێکی هەبوو کە لەم وڵاتە تازەیەی پێی دەگوترێت عێراق مافەکانی دابین بکرێت، بۆ ئەمەش هەندێک هەوڵدرا، بەڵام هەموو یەک لەدوای یەک شکستیان هێنا**

**هەموومان ئومێدەوارین داواکارییەکانی کورد لە بەرنامەی کاری عەبادی هەبوونایە و بە گرەنتیشەوە بووایە، بەڵام لە قسەکانیدا دیارەو بەڵێنی چارەسەرکردنی داوە، هاوکات بۆ دابینکردنی پێداویستی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و دەوڵەتی ئیسلامی وای دەخواست ئەم حکومەتە پێکبهێندرێت، دواکەوتنی حکومەتەکە لە بەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا بوو**

بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی هەبێت، وەك ئەوە وایە هەموو مرۆڤایەتی کوشتبێت، ئەم دیاردەیە لە ئاکامی شکستهێنانی چەند ئایدیۆلۆژیەتێك، وەك شکستهێنانی ئایدیۆلۆژیەتی مارکسی، شکستهێنانی ئایدیۆلۆژیەتی قەومی عەرەبی سەرچاوەی گرتووە، پاش ئەوەی کە سۆڤیەت چوو ئەفغانستانی داگیرکرد، هەستی ئیسلامییەتیان جووڵاندەوە، بەناوی ئەوەی لە دژی کوفر خەبات دەکەن، کە ئەم قۆناخە تەواو بوو، بۆشاییەك دروست بوو، ئێستا ئەوان لەو بۆشاییەدا هەستی خەڵکی ئاسایی و ناتێگەیشتوو بۆ مەرامەکانیان بەکار دەهێنن، بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئینحرافێکیان لە ئیسلام دروستکردووە، لەبەر ئەوەی ئیسلام قەت ڕێگەی نەداوە هێرش بکرێتە سەر خەڵکێکی بێتاوان، هەر بۆ نموونە لە یەکی شوباتی ٢٠٠٤ کە تیرۆریستان هێرشیان کردە سەر بارەگای یەکێتی و بارەگای پارتی، خەڵکێکی زۆریان کوشت، هەشت پێشمەرگەی پاسەوانی خۆم کە شەهید بوون هەموویان نوێژکەر بوون، پرسیار ئەوەیە، ئایا چ ئیسلامێك ئەوە قبوڵ دەکات؟ دڵنیام لەوەی ئیسلامی ڕاستەقینە دوورە لەمانە، بۆیە دەبێت پێش هەر لایەك موسڵمانانی جیهان دژی ئەو تیرۆریستانە بن کە لە ژێر پەردەی ئیسلام ئەو تاوانانە ئەنجام دەدەن، بۆیە دەبێت ریسوایان بکەن و رایبگەیەنن ئەمە ترسناکترین هەڕەشەیە لەسەر ئایندەی ئیسلام. ئەو تاوانەی ئەو تیرۆریستانە بەرامبەر کوردانی ئێزیدی و کریستیانەکان ئەنجامیاندا ویژدانی هەموو مرۆڤایەتی هەژاندووە، سەبارەت بەناوخۆی خۆشمان برایانی کوردی ئێزیدی کوردی ڕاستەقینەن و دەبێت بە هەموو شێوەیەك پشتگیرییان بکەین.

**ئێمە لە لایەکەوە پشتگیری لەم حکومەتە دەکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، لە لایەکی تریشەوە پێیان دەڵێین بەشداریمان بەو مانایە نییە کە وازمان لە مافەکانی خۆمان هێنابێت**

*** جێی خۆشحاڵییە لەم ماوەیەدا وڵاتانی جیهان جگە لە هاریکاریی مرۆیی خەڵکانی ئاوارە، بە جددی بە هانای پێشمەرگەوە هاتن و، لە ڕووی چەکدارکردنی پێشمەرگەشەوە هاریکاریی سەربازییان کردووە، بە مەرجێك لە زۆر شوێنی تری جیهاندا هێرشی تیرۆریستی ئەنجام دراوەو جیهان بێدەنگی لە ئاست نواندوون، ئایا ئەم بە دەنگەوەهاتنەی جیهان لەسەر کوردستان چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

- بە هاناوە هاتنی کوردستان لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی ترەوە سەرەتا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کوردستان جیاوازە لە بەشەکانی تری عێراق، لە کوردستان یەکڕیزی هەیە و هێزێك هەیە پێی دەڵێن پێشمەرگە، کە لە چاو هێزەکانی تری عێراق باشتر بەرگری لە خاکی خۆیان دەکەن و باشتر دەتوانن ڕووبەڕووی داعش ببنەوە، ئاسانترە پشتگیری هێزێك بکرێت کە بە بیروباوەڕەوە ڕێکخرابێت و بەرەی ناوخۆشی بەهێز بێت، ئەو سەقامگیرییەی لە کوردستانیشدا هەیە، ئەمەش هۆکارێکە، خۆ ئەگەر ئەو یەکڕیزییە لە کوردستاندا نەبێت و ململانێ هەبووایە، ئەوانیش بە گومان دەبوون و بەو هێزەوە نەدەهاتنە پێشەوە، بۆ عێراقیش هەروا بوو، کە ئۆباما و سەرۆکانی وڵاتانی تریش چاوەڕوانی دامەزراندنی حکومەتێکی بنکەفراوانی وایان دەکرد کە هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدار بن، ئینجا ئامادەی پشتگیریکردنی سەربازی دەبن، چونکە هەمووان و ئێمەش پێمانوایە لە ناوبردنی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان پێویستی بە هەڵوێستێکی سیاسی و یەکگرتووە، پێویستی بە یەکڕیزیی نیشتمانییەو پێویستی بەوەیە لە ڕووی سیاسییەوە بەرەیەکی فراوان لە بەرانبەر تیرۆر دابمەزرێت، ئێستا ئەو تیرۆریستانە لە ناوچەکانی سوننەی عەرەبی پشتگیری خەڵکیان هەیە، لەبەر ئەوەی لە دەساڵی رابردوودا سیاسەتی حکومەتی فیدراڵی بەغدا لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان شکستی خواردووە، بەشێکی زۆریان هەست بە غوبن دەکەن، بۆیە کاتێ داعش چوونەتە ناویان، بە ئاسانی ئەو ناکۆکییانەیان قۆستۆتەوە، دەبێت ئەو ناکۆکییانە نەهێڵرێت و سوننەی عەرەب لە حکومەتی عێراقدا بەشدارییان پێ بکرێت، تا ئەمریکا و وڵاتانی دیکەش پشتگیری لەو خەباتە بکەن کە بۆ لەناوبردنی داعش دەکرێت، نەك تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە ناو هەموو پارچەکانی تری عێراقیشدا، تەنانەت لە سووریاش، چونکە ئەوانە دەوڵەتێکیان ڕاگەیاندووە کە سنوورەکەی لە ڕەقەوە تا دێرەزوور و حەلەب و ئەدلب و قامیشلی درێژ دەبێتەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی پەلاماردانی شنگال تا لەوێوە ئەو دەوڵەتەی کە ڕایانگەیاندووە، بە یەکترەوە گرێ بدەنەوە.

*** ئەم هەوڵەی ئەمریکا لە لایەن وڵاتانی عەرەبییەوە ڕەهەندی تریشی هەیە کە دەبەسترێتەوە بە شەڕی مەزهەبگەرایی نێوان سوننەو شیعەوە، ئایا ململانێی خوێناوی نێوان سوننەو شیعە ئایندەی ناوچەکە بە کوێ دەگەیەنێت؟**

- ڕاستە ئەگەر هەڵسەنگاندنی ورد بکەین، دەبینین ئەم شەڕی تایەفەگەرییەی لە نێوان سوننە و شیعەدا هەیە، لە لایەن داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی تریشەوە دەقۆزرێتەوە، لەسەر حیسابی ئەو ململانێیە، تیرۆریستان خۆیان بەو ناوەوە بەهێز دەکەن، ئەمەش ڕەگێکی مێژوویی سەدان ساڵەی هەیە لە ناو ئیسلامدا و ناتوانین خۆمانی لێ دوور بخەین، شەڕ و ناکۆکیی بەردەوام لە نێوانیان هەبووە، بەڵام هەمیشەش ئیرادەیەك

هەبووە بۆ پێکەوەژیان، بۆ نموونە هەر بەو ناوە لە مێژوودا هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی هاتن تا بەسرە و چەندین رەشەکوژییان بەرانبەر شیعەکان ئەنجامداوە، دواتر دەوڵەتی سەفەویش هاتووە هەمان شتی بەرانبەر سوننەکان کردووە، بەگشتی لەو مێژووەدا ئیرادەیەکی سوننی و شیعی زاڵیش بەسەر ئەو ناکۆکییانەدا لە پێناوی پێکەوەژیان هەبووە، ئەمرۆش لە نێوان سوننە و شیعە ئەو ئیرادەیە دەبینرێت، بەڵام بۆچی دیار نییە، لەبەر ئەوەی ململانێیەکە زۆر توند کراوەتەوە و سووریا و لوبنان و کەنداو عێراقی تەنیوەتەوە تا پاکستان و شوێنانی تر، بۆیە پێموایە پێویستە دیالۆگ هەبێت لە نێوان سوننە و شیعە، چونکە ئەوەی کۆیان دەکاتەوە بەرانبەر تیرۆریستان، هاوبەشە.

*** لە یادی کارەساتەکەی ١١ی سێپتەمبەردا سەرۆك ئۆباما ستراتیژیەتەکەی خۆی راگەیاند، کە بەنیازە زۆربەی وڵاتانی دنیا هاریکاری بکەن، لە نێوانیاندا وڵاتانی عەرەبیش، ئایا تا چەند وڵاتانی عەرەبی دەتوانن عەرەبی سوننە قەناعەت پێبهێنن کە خۆیان ناوچەکانی خۆیان لە داعش پاکژ بکەنەوە؟**

- وتارەکەی ئۆباما گرنگ و روون بوو، پێشتریش هەنگاوەکانیان هەر بە ئاراستەی ئەو وتارە هەڵدەهێنا، دیسانەوە سەلمێنرا کە ئەمریکا سەرکردایەتی دنیا دەکات، دەسپێشخەری ئەمریکا وایکرد وڵاتانی تری ئەورووپا و کەنەدا و ئوسترالیا هەموویان هەڵوێست وەربگرن و پشتگیری ئەمریکا بکەن، پێموایە وڵاتانی عەرەبیش پشتگیری لێ بکەن، چونکە لەناوبردنی تیرۆریستان لە بەرژەوەندیی وڵاتانی ئیسلامیشە، ئامانجی سەرەکیی ئەو تیرۆریستانە سعودیەیە، هەر لە بن لادنەوە کە داوای رزگارکردنی جەزیرەی دەکرد، ئەگەرچی لە سەرەتاوە سعودیە و هەندێك وڵاتانی تری کەنداو بە ناڕاستەوخۆ پشتگیرییان لەو رێکخراوە کردووە، هەندێ جار هاوکارییان بۆ گرووپی تری ئیسلامی ناردووە، لە دەرئەنجامدا گەیشتۆتە دەست داعش، تەنانەت تورکیاش لە دەرئەنجامدا ئەویش دەبێ لەبەری دژە داعشدا کاریگەرتر بێت، ئەویش بێتە ناو لیستی بەرنامەی لەناوبردنی تیرۆریستانی داعشەوە، چونکە داعش لە خۆی زیاتر کەس بە موسڵمان نازانێت و هەموو دنیا بە کافر دەبینێت، پێیانوایە تەنیا خۆیان لەسەر رێی راست و لەسەر رێچکەی راستی ئایینن، بۆیە دەبێت هەموو وڵاتانی ئیسلامی و هەموو دنیای مرۆڤایەتی هەموو پێکەوە بۆ لەناوبردنیان خەبات بکەن.

*** هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر تەماشای باروودۆخی عێراق بکەینەوە، دیارە کورد لەم رۆژانەدا بڕیاری دا کە بەشداری حکومەتەکەی عەبادی بکات، ئایا بۆچوونتان لەبارەی ئەم بەشداربوونە چۆنە و تا چەند پێویست بوو کورد بەشداری بکات، سەرباری ئەوەی کۆمەڵێك کێشەی چارەسەر نەکراو کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی هەیە؟**

- بەشداریکردنی هەرێمی کوردستان لە پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا بە پلەی یەکەم بەهۆی خەباتەوە بووە لە دژی داعش، مەترسییەك هاتۆتەپێش پێویست دەکات هەموومان بە هەندی وەربگرین، بۆ چۆنیەتی لەناوبردنی هەڕەشەکە، ئەگەرچی داخوازییەکانمان لەگەڵ بەغدا وەك پێویست نەهاتۆتە بەرباسکردن، هەموومان ئومێدەوارین داواکارییەکانی کورد لە بەرنامەی کاری عەبادی هەبوونایە بە گرەنتیشەوە بووایە، بەڵام لە قسەکانیدا دیارەو بەڵێنی چارەسەرکردنی داوە، هاوکات بۆ دابینکردنی پێداویستی شەڕ و رووبەڕووبوونەوەی داعش و دەوڵەتی ئیسلامی وای دەخواست ئەم حکومەتە پێکبهێنرێت، دواکەوتنی حکومەتەکە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا بوو، بۆیە هەموو دنیا چاوەڕێ بوون ئەو حکومەتە پێکبهێنرێت، گفتوگۆی زۆریشیان لەگەڵ ئێمەدا کردووە، بێ ئەوەی کەس گوشارمان بۆ بهێنێت، هەرچی پێوەندی بە سەرخستنی خەبات دژی داعش هەبووبێت، هەر لە ئەمریکا و ئێرانەوە تا وڵاتانی ئەورووپا و تورکیاش پێیان باش بووە ئەو حکومەتە زوو پێکبهێنرێت، چونکە پشتگیریکردنی حکومەتێکی هاوبەشی وا کە کورد و شیعە سوننەشی تێدا بێت، زۆر ئاسانترە بۆ ئەمریکا و بۆ ئێران و بۆ تورکیا و بۆ سعودیەش کە پشتگیری لێ بکەن، ئەگەر ئەم حکومەتە دانەمەزرایە، ئۆباما لە گوتارەکەیدا داوای لە سعودیە نەدەکرد کۆبوونەوە بکرێت و بەرنامە دابڕێژرێت بۆ لەناوبردنی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە، یان کۆنگرە لە پاریس ناکرێت بۆ پشتگیری لە عێراق، ئەمانە هەمووی بەندن بە یەکەوە، ئێمەش رەچاوی ئەوەمان کردووە، بێ ئەوەی واز لە مافەکانی خۆمان بهێنین، بۆیە ئێمە لە لایەکەوە پشتگیری لەم حکومەتە دەکەین بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش، لە لایەکی تریشەوە پێیان دەڵێین بەشداریمان بەو مانایە نییە کە ئێمە وازمان لە مافەکانی خۆمان هێنابێت، پێشتر عەبادی دەیوت هێشتا نەبوومەتە سەرۆکی حکومەت، چۆن کێشەکان چارەسەر بکەم؟ فەرموو ئەوە سێ مانگت لە پێشەو هەمووشمان لەگەڵتدا بەشدارین و سەرۆکی حکومەتیت و جێبەجێی بکە.

**کورد چۆن داوای مافی خۆی دەکات، ئەوا مافی ئەو نەتەوە و دواکەوتووانی ئەو ئایینانەشی لەگەڵی دەژین قبوڵ دەکات، بەتایبەتی تورکمان، کلدان، ئاشووری و سریان، ئەوجا لەناو گەلی کوردیشدا فرە ئایینی هەیە، هەر بۆ نموونە کورد هەیە کریستیانە، ئێزدییە، یان کاکەییە، هەروەها لەناو کوردی موسڵمانیشدا مەزهەبی جیاواز هەیە**



# (بەڵێ)یەکەی سکۆتلەندا

## خەریکە هەڕەشە لە شانشینی بەریتانیای مەزن دەکات



جوانترین پێناسە بۆ نیشانەی گەورەیی شانشینی مەزنی بەریتانیا و کاریگەری لەسەر سیاسەتی جیهانی ئەو وتە بەرزەی (مەهاتما گاندی)یە کە دەڵێت: «ئەگەر دوو ماسی لەناو دەریاش بەشەڕ هاتن، دەستی ئینگلیزی لەپشتەوەیە». لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری مێژووی سیاسیی جیهان بکەین لە سەدەی حەڤدەهەمەوە تاوەکو کۆتایی شەڕی دووەمی جیهان بەتایبەتی و بەشێوەیەکی گشتی هەتاوەکو ئێستاش، دەبینین جێگەپەنجەی سیاسەتی بەریتانیا بە هەموو بستێکی ئەم جیهانەوە دیارەو ئەو ئیمپراتۆریەتە بووە کە خۆری لێ ئاوا نەبووەو تەنانەت شۆڕشی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی، شۆڕش بوو بۆ جیابوونەوە لە بەریتانیا.

بەریتانیا بۆ ماوەی ١٠٠ساڵ حوکمڕانی (هۆنك كۆنگ)ی کردووە، ئەمە بێجگە لەوەی نیمچە دورگەی هیندستان لە پەنجاکانی سەدەی هەژدەهەم هەتا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم لە ژێر حوکمڕانی ئەو وڵاتەدا بووە، لەمەش زیاتر لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە داڕێژەری نەخشەی (سایکس پیکۆ)یە، کە نەك تەنها رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپاشی داگیر کرد.

بەریتانیا لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو دوای ئەوەی ئەرژەنتین چووە ناو دورگەی فۆکلاند، بەشەڕ ئەو

**ئەگەر نەخشەی ئەو وڵاتەی کە خۆی خاوەنی سایکس پیکۆیە لە بەردەم ئیرادەی دەنگدەرانی وڵاتەکەی خۆی پیرۆز نەبێت، ئایا بۆ دەبێت بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەخشەیەکی دروستکراوی وەک سایکس پیکۆ کە سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری هەموو ناوچەکەیە لە ماوەی ١٠٠ساڵی رابردوودا، پیرۆز بێت و نەتوانرێت دەسکاری بکرێت؟**

دورگەیەی داگیرکردەوە، تەنانەت پێش دەستپێکردنی شەڕی فۆکلاند، وتووێژەکانی ناو پەرلەمانی بەریتانیا ئەوە بووە کە شەڕەکە تەنها بۆ داگیرکردنەوەی دورگەی فۆکلاند بێت، یاخود لەگەڵ داگیرکردنەوەی فۆکلاند ئەرژەنتینیش داگیر بکرێت.

بەریتانیا لەگەڵ ئەوەی لەدوای شەڕی دووەمی جیهان و لەگەڵ دەستپێکی شەڕی سارد هەندێك هاتەدواوە، بەڵام هەر ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بووەو بەشێکی گرنگ و سەرەکی بووە لەو شەڕە و پاڵپشت و پارسەنگی ئەمریکا بووە، لە دوای رووخانی دیواری (بەرلین)یشەوە، هەموو کات بەریتانیا ئەو هێزە بووە کە توانیویەتی ئاراستەی سیاسەتی جیهانی بگۆڕێت و لە چەندین کێشەی گرنگی وەك شەڕی رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە دەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش هاوپەیمانی ئەمریکا بووە.

بەریتانیا لەگەڵ ئەوەی ئەندامی یەکێتی ئەوروپایە، بەڵام تەنها دەوڵەتە لە ئەوروپا کە دراوی خۆماڵی خۆی واتە (پاوەند) بەکاردەهێنێت و هەتا ئێستا دراوی خۆی نەخستۆتە پاڵ دراوی یەکێتی ئەوروپا کە دراوی یۆرۆیە.

ئەم دەوڵەتە مەزنە کە هەتا ئێستاش یەکێکە لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێکە لە گرووپی هەشت دەوڵەتە پیشەسازییەکەی جیهان، ئێستا لەبەردەم راپرسی سکۆتلەندییەکان بۆ سەربەخۆیی بەجۆرێك هەژاوە، وەك ئەوەی جیابوونەوەی سکۆتلەندا لە بەریتانیا بە جارێك هەموو خۆری ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنە ئاوا بکات.

**• سکۆتلەندا بۆ دەیەوێت لە بەریتانیا جیابێتەوە؟**

لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، سکۆتلەندا خاوەنی پەرلەمان نەبووە، دوای هاتنە دەسەڵاتی پارتی کرێکارانی بەریتانیا لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، سکۆتلەندا لەساڵی ١٩٩٨، دوای نزیکەی ٣٠٠ ساڵ بووەوە بە خاوەنی پەرلەمانی خۆی، ئەم پەرلەمانە بووە خاوەنی کۆمەڵێك دەسەڵات بۆ دارشتنی سیاسەتی لۆکاڵ لە سکۆتلەندا و لە ساڵی ٢٠١٣ یاسای راپرسیی گشتی بۆ سەربەخۆیی، یان مانەوە وەك بەشێك لەگەڵ بەریتانیای پەسەند کرد، بەپێی ئەم راپرسییە لە گەلی سکۆتلەندا دەپرسرێت: ئایا سکۆتلەندا شایستەی ئەوەیە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش بە ( بەڵێ، یان نەخێر) لەلایەن هاووڵاتیانی سکۆتلەنداوە لە رۆژی ١٨ی ئەیلوول دەدرێتەوە.

بەپێی راپرسییەکانی دەزگای یۆگۆڤ ( YOU GOV)، لە سەرەتای مانگی ئاب ـەوە هەتا هەینی رابردوو (٢٠١٤/٩/١٢)، ئاستی هەڵکشانی بەڵێ بۆ (سەربەخۆیی سکۆتلەندا) لە بەرامبەر نەخێر (باشترە لەگەڵ بەریتانیا بمێنینەوە)، روو لە هەڵکشانە و رێژەکە لە نێوان ٥٠-٥١٪ بە بەڵێ لە بەرامبەر ٤٩-٤٨٪ بە نەخێرە، بەڵام لە دوای رۆژی هەینییەوە دوای ئەوەی سەرکردەی حزبە سیاسییەکانی بەریتانیا روویان لە سکۆتلەندا کردو گوتیان ئامادەن دەسەڵاتێکی زۆر زیاتر بدەنە پەرلەمانی سکۆتلەندا، تەنها لەبەر ئەوەی دەنگ بە بەڵێ نەدەن بە سەربەخۆیی، خەریکە ئاستی هەڵکشانی مانەوە لەگەڵ بەریتانیا روو لە هەڵکشان دەکاتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی چاودێران پێیانوایە لێکنزیکی نێوان (بەڵێ و نەخێر) وایکردووە، هەتا رۆژی پێنجشەمەی داهاتوو و کۆتایی ئەنجامدانی راپرسییەکە، نەزانرێت دەنگدەران بە کام لا (بەڵێ، یان نەخێر) خۆیان یەکلایی دەکەنەوە.

**پاراستنی یەکپارچەیی لە وڵاتانی فیدراڵی و فرەبیدا بە رێزگرتن لە خواست و داواکارییەکانی ئەو نەتەوەیە دەپارێزرێت کە پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی هەڵبژاردووە، نەک بە سەرکوتکاری و گەمارۆخستنەسەریان**

ئەوەی لێرەدا دەبێتە جێگەی هەڵوەستە و پرسیار دروست دەکات، ئەوەیە کە ئایا هۆکاری سەرەکی لە پشت جیابوونەوەی سکۆتلەندا لە بەریتانیا چییە؟ ئەمە لە کاتێکدا سکۆتلەندا هاوشانی بەریتانیا لە ناو پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا نوێنەرایەتی هەیە، پەرلەمانتارەکانیشی لەناو یەکێتی ئەوروپا نوێنەرایەتی سکۆتلەندا دەکەن، هەروەها پەرلەمانی سکۆتلەندا دەسەڵاتەکەی تا ئەو ئاستەیە کە توانای ئەوەی هەیە پاوەندی تایبەتی خۆی چاپ بکات و هەموو یاساکانی ناوخۆی سکۆتلەنداش دەربکات، لەمەش زیاتر سکۆتلەندا ناوەندی گەورەترین چەك و ئابووری بەریتانیاشە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش سکۆتلەندییەکان مافی دەوڵەتی سەربەخۆ بە مافێکی خۆیان دەزانن و لەگەڵ ئەوەی ژمارەی دانیشتووانیان لە ٥-٦ ملیۆن کەس تێپەڕ ناکات، بەڵام دەیانەوێت وەك شانشینی بەریتانیا خاوەنی سەروەری و سەربەخۆیی خۆیان بن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوە نییە کە سکۆتلەندییەکان بە (بەڵێ، یان نەخێر) دەنگ دەدەن، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ خواستی گەلێکی وەك گەلێکی سکۆتلەندی دەکرێت، لەمەش گرنگتر ئەوەیە گەلی سکۆتلەندا ماوەی زیاتر لە ٣٠٠ساڵ بوونە بەشێك لە بەریتانیا، تەنها ١٦ ساڵە پەرلەمانی خۆیان هەیە، بەڵام هەتا ئێستا گوێبیستی ئەوە نەبووین کە سکۆتلەندییەکان ئەو مافەیان نییە دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەن، یان ئارەزوومەندانە لەگەڵ بەریتانیا بمێننەوە، بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەی سەربەخۆیی سکۆتلەندا لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کاریگەری لەسەر پێگەی بەریتانیا دەبێت، بەڵام بەریتانیا بە هەموو توانایەکەوە لە هەوڵی ئەوەدایە کە داواکاری گەلی سکۆتلەندا بە ئاستێك بەرز بکاتەوە،




بۆ ئەوەی گەلی سکۆتلەندا بگاتە ئەو قەناعەتەی کە مانەوە لــە چوارچیوەی بەریتانیا، زیاتر لە بەرژەوەندی سکۆتلەندایە، نەك سەربەخۆبوونی.

**• ئەگەر سکۆتلەندییەکان مانەوەیان هەڵبژارد؟**

ریفراندۆم، یان راپرســی لە وڵاتانی رۆژئاوا وەك ئەو راپرسییەی چەند ساڵێك لەمەوپێش لە (هەرێمی کویبکی کەنــەدا)ش بینیمان، ئاکامەکەی وەك راپرســییەکانی کوردســتان و باشووری ســودان دیار نییە، راشکاوانەتر بەوجۆرە نییە کە پێشوەختە بزانرێت ٩٩٪ی خەڵکەکەی دەنگ بــۆ جیابوونەوە، یان ســەربەخۆیی دەدەن. بۆیە ریفراندۆمەکەی سکۆتلەندا هاوشێوەی ریفراندۆمەکەی کوبیك، هەتا دوای ئەنجامدانی راپرســییەکە نازانرێت هاووڵاتیــان بە کام ئاراســتە دەنــگ دەدەن، بۆیە ئەم جۆرە راپرسییە ئەوەمان پیدەڵێت: گرنگی پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە و هەروەها رێزگرتنی نەتەوەی سەردەست لــەو نەتەوەی بە ژمارە کەمتــرە، زۆرجار وا دەکات کە هاووڵاتیانی ئەو نەتەوەیە پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەیان لە ســەربەخۆیی پێ باشتر بێت، لە ئێستاشدا کە پارتی ناسیۆنالیستی ســکۆتلەندی لەوپەڕی بانگەشەیە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان دەنگ بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی بدەن، بــەڵام لەبەر ئەوەی هەوڵەکانی بەریتانیا بەو ئاســتەیە کــە دەســەڵاتەکانی پەرلەمانی ســکۆتلەندا فراوانتر بکرێــت، ئەوا وەك دەبینین لــە دوای رۆژی هەینییەوە جارێکی دیکە بژاردەی مانەوە باشترە لەگەڵ بەریتانیا هەڵکشاوە لەبەرامبەر بەڵێ بۆ سەربەخۆیی سکۆتلەندا. ئەمــەش مانای ئەوەیــە پاراســتنی یەکپارچەیی لە وڵاتانی فیدراڵی و فرەییدا بە رێزگرتن لە خواســت و داواکارییەکانی ئەو نەتەوەیە دەپارێزرێت کە پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی هەڵبژاردووە، نەك بە ســەرکوتکاری و گەمارۆخستنەسەریان.

بۆیــە هاووڵاتییانی ســکۆتلەندا لــەم بارودۆخەی وڵاتەکەیاندا، لەنێو خواستە نەتەوەییەکانیان و بەرژەوەندی نەتەوەییان بۆ ئایندە بڕیار لەســەر چارەنووســی خۆیان دەدەن، کە وەڵامدانەوەی بەریتانیاش بۆ خواستەکانیان و دەســەڵاتەکانیان لەو ئاستەدا بێت کە هەستی نەتەوەیی سکۆتلەندییەکان و بەرژەوەندی نەتەوەییان بپارێزێت، ئەوا جێگەی سەرسوڕمان نابێت، ئەگەر رێژەی دەنگدەرانی (مانەوە باشــترە لەگەڵ بەریتانیا) لە بەرامبەر (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی ســکۆتلەندا) لە رۆژی پینج شەمەی داهاتوو زیاتر بێت.

**• ریفراندۆمی سکۆتلەندا**
**قۆناخێکی دیکە بۆ رێزگرتن لە مافی سەربەخۆیی**

ریفراندۆمەکەی ســکۆتلەندا بەهەر ئاکامێك کۆتایی بێت، ئەوا گۆڕانکاری گەورە لەســەر ئاستی ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدوای خۆیدا دێنێت، پێش هەموو شت ئەگەر نەخشــەی بەریتانیا هەر گۆڕانکارییەکی

**گرنگی پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە و هەروەها رێزگرتنی نەتەوەی سەردەست لەو نەتەوەی بە ژمارە کەمترە، زۆرجار وا دەکات کە هاووڵاتیانی ئەو نەتەوەیە پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەیان لە سەربەخۆیی پێ باشتر بێت**




**سکۆتلەندا هاوشانی بەریتانیا لە ناو پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا نوێنەرایەتی هەیە، پەرلەمانتارەکانیشی لەناو یەکێتی ئەوروپا نوێنەرایەتی سکۆتلەندا دەکەن، هەروەها پەرلەمانی سکۆتلەندا دەسەڵاتەکەی تا ئەو ئاستەیە کە توانای ئەوەی هەیە پاوەندی تایبەتی خۆی چاپ بکات و هەموو یاساکانی ناوخۆی سکۆتلەنداش دەربکات**

تێدا دروست بێت، کاریگەری گەورە لە باڵانسی جیهانی دروست دەکات، بەتایبەتی ئەگەر سکۆتلەندا سەربەخۆ بێت، ئەوا لەسەر ئاستی ئەوروپا لەوانەیە چیتر لە بەریتانیا قبوڵ نەکرێت بەتەنها پاوەند بەکار بهێنێت، هەروەها ئەو هەژموونەی بەریتانیا وەك دورگەیەك هەیەتی لە ڕۆژئاوا وەك خۆی نامێنێتەوە، بەتایبەتی لە پرسی پەنابەراندا، لەبەر ئەوەی دوای جیابوونەوەی سکۆتلەندا، سکۆتلەندا پێویستی بە دەستی کاری زیاتر دەبێت و لەوانەیە ژمارەیەکی زۆری پەنار وەربگرێت، لەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی سکۆتلەندا دوای جیابوونەوەی لە بەریتانیا پێویستی بەوە دەبێت، وەك ئەندامێکی نوێ لە یەکێتی ئەوروپا وەربگیرێتەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا سکۆتلەندا دەبێت بە هەموو مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا ڕازی بێت، ئەمەش وادەکات کە گۆڕانکاری بەسەر پێگەی بەریتانیا لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهان بێت.

لایەنێکی دیکە کە ئەم ریفراندۆمەی سکۆتلەندا دەرگای لەسەر دەکاتەوە، ئەو ریفراندۆمانەی دیکەیە کە لە داهاتوودا لە ئەوروپا دەکرێت، بەتایبەتی ریفراندۆمی هەرێمی کەتۆلۆنیا لە ئیسپانیا، دیارە لەم هاوکێشەیەدا پێدەچێت ئیسپانیا نەتوانێت بە هاوشێوەی بەریتانیا خواستی کەتەلۆنییەکان بۆ سەربۆخۆیی کەم بکاتەوە، بۆیە لە ئێستاوە ئیسپانیا نیگەرانی ئەوەیە ئەگەر ریفراندۆمی سکۆتلەندا دەنگ بە سەربەخۆیی بدات، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەتەلۆنییەکانیش دەنگ بەسەربەخۆیی بدەن، لەم حاڵەتەشدا ئەگەر بەریتانیا ڕێز لە ئیرادەی دەنگدەرانی سکۆتلەندا بگرێت، ئەوا ئیسپانیا ناتوانێت ڕێز لە ئیرادەی دەنگدەرانی کەتەلۆنیا نەگرێت.

**• سایکس پیکۆ لە نەخشەی شانشینی مەزنی بەریتانیا پیرۆزتر نییە**

ئەگەر دەنگدانی سکۆتلەندا بۆ سەربەخۆیی، ئەگەری گۆڕانکارییە لە نەخشەی شانشینی مەزنی بەریتانیا، لەبەرامبەر ئەم گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوە، سەرنج دەدەین هیچ لایەك بە پیرۆزی سەیری نەخشەکەی بەریتانیا ناکات، بەوەی دوای ئەم ریفراندۆمە چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا دێت. بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئەگەر نەخشەی ئەو وڵاتەی کە خۆی خاوەنی سایکس پیکۆیە لە بەردەم ئیرادەی دەنگدەرانی وڵاتەکەی خۆی پیرۆز نەبێت، ئایا بۆ دەبێت بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەخشەیەکی دروستکراوی وەك سایکس پیکۆ کە سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری هەموو ناوچەکەیە لە ماوەی ١٠٠ساڵی رابردوودا، پیرۆز بێت و




نەتوانرێت دەسکاری بکرێت؟ لەم روانگەیەوە سەرکەوتنی ریفراندۆمی سکۆتلەندا بۆ گۆڕینی نەخشەی شانشینی بەریتانیای مەزن، یان هەوڵدانی بەریتانیا بۆ ئەوەی خواستی گەلی سکۆتلەندا جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە نەخشەی شانشینی بەریتانیا بکات، هەموویان دەبنە سەرەتایەك بۆ چۆنیەتی بیرکردنەوە لە رێکخستنەوەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە چوارچێوەی نەخشەی سایکس پیکۆدا، لەبەر ئەوەی ئەگەر بۆ ناو شانشینی بەریتانیا و بۆ پاراستنی نەخشەی ئەو شانشینە، وا پێویست بکات ئیرادەی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەبەرچاو بگیرێت و خواستەکانیان جێبەجێ بکرێت، ئەوا بۆ رێکخستنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە باشووری کوردستان و پەیوەست بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەوا، یان دەبێت بەوجۆرە بیر لە پاراستنی یەکپارچەیی عێراق بکرێتەوە، کە گەلی کوردستان لە عێراقدا هەموو مافەکانی پارێزراو بێت و وەڵامی مافە دەستوورییەکانی بدرێتەوە، یان دەبێت بوار بە گەلی کوردستان بدرێت وەك گەلی سکۆتلەندا خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

پرۆفیسۆر دیڤید ئارت بۆ گوڵان:

# پێدەچێت سکۆتلەندییەکان بە جیاوازییەکی زۆرکەم دەنگ بۆ مانەوە لەگەڵ بەریتانیا بدەن

**پرۆفیسۆر دیڤید ئارت، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی توفتس و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی بەراوردکار و سیاسەتی ئابووریی ئەورووپا، سەبارەت بە پرۆسەی راپرسی لە سکۆتلەندا و ئاکامەکانی ئەو راپرسییە بەمجۆرە را و سەرنجی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



گرنگترین خاڵ کە پێمخۆشە بیخەمەڕوو، ئەوەیە کە زۆرینەی زۆری شیکەرەوەکان پێشبینی روودانی ئەوە ناکەن سکۆتلەندییەکان دەنگ بە بەڵێ بدەن و، نازانن دەرئەنجامی دەنگدانەکە بە چ لایەکدا دەشکێتەوە. کەواتە ئەمە ئەندازەیەکی نادڵنیاییە کە جێی سەرسوڕمانە کە لە کیشوەرێکدا بوونی هەیە. هەر بۆیە بۆی هەیە راپرسییەکەی «YouGov poll» راپرسییەکی لاوەکی بێت. ئێمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا راوێژ لەگەڵ ژمارەیەکی جیاوازی ناوەندەکانی راپرسی دەکەین، (بۆ نموونە لەم بارەیەوە بڕوانە وێبسایتی ٥٣٨) و هەوڵدەدەین پێوانەی ئاراستەکە بکەین. بەڵام بە رەچاوکردنی ئەوەی وترا، ئەوا باوەڕم وایە راپرسییەکان گرنگییان هەیە و دەرئەنجامی دەنگدانەکەش زۆر نزیك دەبێت.

تێڕوانینی من ئەوەیە کە هەموو ئەو پرسیارانەی ئێوە دەیورووژێنن- چ دراوێك بەکار دەهێنرێت؟ ئایا پەیوەندی سکوتلەندا بە یەکێتی ئەوروپاوە چی دەبێت؟ ئایا کاریگەری و ئاکامی دەبێت لەسەر بەشەکانی دیکەی بەریتانیای مەزن؟ یەکلا نەبوونەتەوە. لەکاتی ئەم نووسینەی مندا خەڵکی سکوتلەندا خەریکی یەکلاکردنەوەی خۆیان و گەڵاڵەکردنی بڕیارەکانیانن. تاوەکو زیاتر بیری لێ بکەنەوە، تاوەکو زیاتر نادڵنیایی بورووژێنن، ئەوا ئەگەری زیاترە کە پاشگەز دەبنەوە لە سەربەخۆیی و دەنگ بۆ مانەوەی ڕەوشەکە وەك خۆی دەدەن. ئەمە بەلای کەمەوە ئەو پێشبینییەیە کە لە دوای چەندەها دەیە لە توێژینەوەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە لەبارەی دەنگدانەوە بەدی دەکرێت. دەبێت چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی ببینین ئایا سکۆتلەندییەکان شوێنی ئەم رەوتە دەکەون؟ ئەگەر ناچاربم گرەو بکەم، ئەوا پێشبینی ئەوە دەکەم سکۆتلەندییەکان بە جیاوازیەکی زۆر کەم دەنگ بۆ یەکێتی و مانەوە لەگەڵ بەریتانیا دەدەن.



## پرۆفیسۆر پیتەر ئەی هاڵ لە زانکۆی هارڤارد بۆ گوڵان:

# راپرسییەکەی سکۆتلەندا کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هەرێمی کەتەلۆنیای ئیسپانیا هەبووە

پرۆفیســۆر پیتەر ئەی هاڵ، ئوستادی زانستی سیاســەتە لە زانکۆی هارڤارد و تایبەتمەندە لەسەر دیراساتی ئەوروپی، لەم وتووێژەدا ســەبارەت بە پرۆســەی ریفراندۆم لە سکۆتلەنداو ئاکامی ئەو ریفراندۆمە لە سەر پێگەی شانشــینی یەکگرتووی بەریتانیاو هەروەها کاریگەریی ســەربەخۆیی ســکۆتلەندا لەسەر وێلز و ئیرلەندا و چەند پرسێکی دی، وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.

*** سکۆتلەندییەکان خاوەنی پەرلەمانی خۆیانن و تا رادەیەکی باش دەسەڵاتیان هەیە، ئایا بیرۆکەی سازدانی ریفراندۆمەکەیان بۆ سەربەخۆیی، چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

- ریشەی ئەم راپرسییە لە یاسای سکۆتلاندا ( Scotland Act)ی ساڵی ١٩٩٨دا بەدی دەکرێت، بەپێی ئەم یاسایە دەسەڵاتێکی بەرچاو بە پەرلەمانی سکۆتلەندا بەخشرا. ئەگەرچی حکومەتی بەریتانیا خوازیاری ئەوە بوو، ئەم هەنگاوە ببێتە هۆی رازیکردنی ناسیۆنالیستەکانی سکۆتلەندا، بەڵام لە راستیدا هانیدان داوای دەسەڵاتی زیاتر بکەن و بنکەیەکی هێزی بۆ پارتی نەتەوەیی سکۆتلەندا دەستەبەر کرد. ئەمە تەنگژەیەکە رووبەڕووی هەموو حکومەتێك دەبێتەوە، کاتێك لەگەڵ بزووتنەوە سەربەخۆخوازەکاندا دەستەویەخە دەبێتەوە، ئەویش لە رێی شۆڕکردنەوە و دابەزاندنی دەسەڵاتی زیاترەوە بۆ حکومەتی ناوچەیی، ئەوا رەنگە داخوازی بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو کەم بکرێتەوە، یاخود ئەگەری ئەوەی هەیە باسکی ئەو کەسانە ئەستوور بکەن کە داخوازی لەم چەشنە دەخەنەڕوو.

*** ئاکامەکانی راپرسییەکان لەسەر دەنگدەرانی سکۆتلەندا لە هەڵکشان و داکشاندایە، ئێستا هەست دەکرێت، هەڵمەتی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی بەرەو سەرەوە دەچێت، ئایا تاچەند ئەمە دەبێتە بنەمایەك بۆ ئاکامی ریفراندۆمەکە؟**

- دوای ئەوەی ئەلێکس سالمۆند، کە سەرکردەیەکی سەرسەختی پارتی نەتەوەیی سکۆتلەندایە، لە یەکەم گفتوگۆیدا ئەدایەکی خراپی پیشاندا لە بەرامبەر نوێنەری گرووپی باشترە پێکەوە بین «Better Together Group»، کە مشت و مڕی ئەوە دەکات سەربەخۆیی بە زیان دەشکێتەوە، ئەوا ئێستا لە سەر ئاستێکی بەربڵاو وا سەیری دەکرێت کە لە دووەم گفتوگۆدا- کە هەفتەی رابردوو ئەنجام درا- سەرکەوتوو بوو. کێشەی سەرەکی لێرەدا بریتییە لە هەرەسهێنانی پارتی موحافیزەکاری بەریتانی لە سکۆتلەندا، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومەتەکەی مارگریت تاتشەر. لە دەرئەنجامدا، لە تێڕوانینی سکۆتلەندییەکاندا حکومەتی ئێستای بەریتانی پتر بەرگی ئینگلیزی بە بەردا کراوە، واتە زیاتر حکومەتێکی راسترەوە بە لای دەنگدەرانی سکۆتلەنداوە، بەو پێیە پتر وەك حکومەتێکی دەرەکی دەردەکەوێت. هەر بۆیە سەربەخۆبوونی سکۆتلەندا دەبێتە گورزێکی راستەقینە و لە پێگەی نێودەوڵەتی بەریتانیا دەدرێت. ئەگەر دەوڵەتێك نەتوانێت یەکپارچەیی خاکی خۆی بپارێزێت، ئیدی چۆن چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکەیت لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا کاریگەری هەبێت؟ هەرچۆنێك بێت، لەبەر ئەو هۆکارە لەدەستدانی سکۆتلەندا دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکانێکی زۆر لە بەریتانیا دوودڵ بن لە جێهێشتنی یەکێتی ئەورووپا، ئەمە ئەگەر هاتوو راپرسی لەسەر ئەو پرسە ئەنجام درا، لە چەند ساڵی داهاتوودا. کاتێك وڵاتەکە بچووکتر دەبێتەوە، ئەوا زۆر کەس بەهایەکی زیاتر دەبینن لە بوونی پەیوەندیگەلێکی سەروونەتەوەییدا کە لە چوارچێوەی یەکێتی ئەورووپادا بەدی دێت.

*** ئەگەر راپرسییەکەی سکۆتلەندا بە سەربەخۆیی کۆتایی بێت، ئەو وڵاتە لە چ ماوەیەکدا دەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا و تاچەند ئەو راپرسییەی سکۆتلەندا دەرگایەك بۆ هاندانی سەربەخۆیی لە وڵاتانی دیکەش، بەتایبەتی لە هەرێمی کەتەلۆنیای ئیسپانیا دەکاتەوە؟**

- ئیسپانییەکان خۆشحاڵ نین لە بارەی بیرۆکەی وەرگرتنی سکۆتلەندا وەك ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی هاندانی جوداخوازە کەتەلۆنییەکانی وڵاتەکەی خۆیان. من گومانم هەیە لەوەی لە کۆتاییدا رازی بن، بەڵام هەندێ کاتی دەوێت، تاوەکو سکۆتلەندا گفتوگۆ لەبارەی وەرگرتنیەوە بکات- وەك ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا-، هەروەها روون نییە کە ئایا ناچار دەکرێن دراوی یۆرۆ بەکار بهێنن؟ بە رەوچاکردنی کێشە ئابوورییەکانی ناوچەی یۆرۆ لە ئێستادا، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمە بۆ سکۆتلەندییەکان بژاردەیەکی سەرنجڕاکێش نییە.

*** ئایا تا چ رادەیەك جیابوونەوەی سکۆتلەندا لە دەرئەنجامدا دەبێتەهۆی هەڵوەشانەوەی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا؟**

- ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە جیابوونەوەی سکۆتلەندا سەر بکێشێت بۆ هەرەسهێنانی شانشینی یەکگرتوو. پشتیوانی بۆ جیابوونەوەی وێڵز زۆر سنووردارە و چارەنووسی ئێرلەنداش لەسەر رێککەوتنی ( Good Friday Agreement) راوەستاوە کە بەپێی ئەو رێککەوتنە سەربەخۆبوونیان-ئیرلەندییەکان- بەندە بە بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکانەوە کە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە لە داهاتووی نزیکدا بێتەئاراوە. من دەتوانم وێنای ئەوە بکەم کە بەریتانیا بە ئاسوودەییەکی تەوا لەگەڵ سەربەخۆبوونی سکۆتلەندا هەڵدەکات.

*** دوای جیابوونەوەی سکۆتلەندا حکومەتەکەی دەیڤید کامیرۆن چی بەسەر دێت، ئایا پێتوایە بە دەست لەکار کێشانەوە ناچار بکرێت؟**

هەم دەرئەنجامەکانی راپرسییەکە و هەم کاریگەرییەکانی لەسەر حکومەتی ئێستای بەریتانیا پێشبینی نەکراون. دەیڤید کامیرۆن نایەوێت لە مێژوودا ناوی وەك ئەو سەرۆك وەزیرانە تۆمار بکرێت کە سکۆتلەندای لە دەست داوە. بەڵام سەربەخۆبوونی سکۆتلەندا لە رووی سیاسییەوە سوودی هەیە بۆ پارتی موحافیزەکار، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بەریتانیا ئەو دەنگدەرانە لە دەست بدات کە بە درێژایی مێژوو پارتی کار ئەدایەکی باشی تێیدا هەبووە - لە رووی هەڵبژاردنەکانەوە-. ئەگەر سکۆتلەندییەکان دەنگ بە جیابوونەوە بدەن، ئەوا گومانم هەیە لەوەی موحافیزەکارە بەریتانییەکان بیانەوێت سەرکردەکان بگۆڕن لە نێو جەرگەی ساڵێکدا کە دەبێتە ساڵی گفتوگۆی توند لە بارەی مەرجەکانی سەربەخۆییەوە.

**دەتوانم وێنای ئەوە بکەم کە بەریتانیا بە ئاسوودەییەکی تەوا لەگەڵ سەربەخۆبوونی سکۆتلەندا هەڵدەکات**

**ئیسپانییەکان خۆشحاڵ نین لە بارەی بیرۆکەی وەرگرتنی سکۆتلەندا وەک ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی هاندانی جوداخوازە کەتەلۆنییەکانی وڵاتەکەی خۆیان**

### پرۆفیسۆر ریچارد کاتز بۆ گوڵان:

# هەڵمەتی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی سکۆتلەندا لە هەڵمەتی مانەوە لەگەڵ بەریتانیا باشتر ڕێکخراوە

ئەگەر ســـکۆتلەندا بە (بەڵێ) دەنگ بدات بۆ ســـەربەخۆیی چی ڕوودەدات؟ ئایا شانشینی مەزنی بەریتانیا لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهان پێگەو نفوزی گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟ ئەم پرسیارانە لە یەك دوو ڕۆژی داهاتوو چارەنووسی سکۆتلەندا یەکلایی دەکاتەوە، ئەوانەی لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی ئەم ریفراندۆمە دەکەن، پێیانوایە هەڵمەتی (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) باشتر لە هەڵمەتی (مانەوە لەگەڵ بەریتانیا) ڕێکخراوە، لەمەش زیاتر چاوەڕێ دەکرێت لە یەك دوو ڕۆژی داهاتوو پێش ئەوەی دەنگدەران ڕووبکەنە سندوقی دەنگدان، پێشبینییەکان گۆڕانکارییان بەســـەردا بێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕەوشە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ریچارد کاتز ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی جۆنزهۆپکین و تایبەتمەند لەســـەر سیاسەتی ئەوروپا و هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکان ئەنجامداوەو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.



*** خەڵکی سکۆتلەندا لەم هەفتەیەدا بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەچن بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بە جیابوونەوە، یاخود لە چوارچێوەی بەریتانیادا بمێننەوە. بە بۆچونی ئێوە ئایا دوای سێ سەدە لە پێکەوەبوون، بۆچی سکۆتلەندا لە پێناوی جیابوونەوەدا پەنا بۆ راپرسی دەبات؟**

- هەر لە سەرەتای یەکێتییەکەوە، سکۆتلەندا هەندێ تمووحی نەتەوەیی هەبووە بۆ جیابوونەوە، ئەمەش بە چەند شێوەیەك بەدی دەکرێت، یەکێکیان بریتییە لەوەی ئەندازەیەکی زۆری یاساکان لە شانشینی یەکگرتوودا بە دوو وێنە دەرکراون، یەکێکیان بۆ ئینگلتەرا و وێڵز و وێنەیەکی جیاواز بۆ سکۆتلەندا. وەزارەتی جیاواز هەبوو لە حکومەتی بەریتانیدا بۆ کاروباری سکۆتلەندا، بەتایبەتی لە سالانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، ناسیۆنالیستی سکۆتلەندی و هەروەها وێڵزی، بوونە پرسێکی گرنگ لە سیاسەتی هەڵبژاردندا. ئەمەش هەنگاوێکی مەنتیقی داهاتوو بوو کە بەهۆی سیاسەتی تۆنی بلێر ـەوە خرایەگەڕ کە بریتی بوو لە دابەزاندنی دەسەڵات بۆ سکۆتلەندا و وێڵز. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەم پرسانە بە هۆی ئەو راستییە ئاڵۆز بوون کە تەنها یەك ئەندام پەرلەمانی موحافیزەکاری سکۆتلەندی هەیە لە پەرلەمانی بەریتانیادا، ئەگەرچی موحافیزەکارەکان حکومەتیان پێکهێناوە.

*** دوای جیابوونەوەی سکۆتلەندا حکومەتەکەی دەیڤید کامیرۆن چی بەسەر دێت. ئایا پێتوایە بە دەست لەکار کێشانەوە ناچار دەکرێت؟**

- دوایین جار شتێکی هاوشێوە روویدابێت - ئەگەرچی هێندە هاوشێوەش نییە-، ئەوە بوو کە لە سەدەی هەژدەدا ئەمریکا لە بەریتانیا جیابۆوە، سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتە، لۆرد نۆرس، وەك سەرۆك وەزیران نەمایەوە. لە سیاسەتی دیموکراتی مۆدێرندا ئەو مەیلە هەیە کە هەر کاتێك شتێك روودات —ئیدی گوناهی ئەو بێت، یان نا- ئەوا ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی ئەو حکومەتەی لە دەسەڵاتدایە. کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە ئۆباڵەکە بخرێتە ئەستۆی کامیرۆن ئەگەر سکۆتلەندا دەنگ بە سەربەخۆیی بدات. بەڵام،



لەلایەکـــی دیکەوە، پارتەکەی کامیـــرۆن تا رادەیەك لە بەریتانیا بەهێزتر دەبێت، چونکە هەموو لایەنگرانی پارتی کار- لە سکۆتلەندا- و پارتی ناسیۆنالیستی سکۆتلەندی لە سکۆتلەندای سەربەخۆدا دەمێننەوە.

*** ئامارەکانی رێکخراوی** (YouGOV organization) **ئەوە پیشان دەدات کە دەنگدان لە بەرژەوەندی جیابوونەوە بۆ رێژەی ٥١٪ بەرزبۆتەوە لەبەرامبەر ٤٩٪ی دەنگەکان بۆ مانەوە لە چوارچێوەی بەریتانیادا، ئەم رێژەیەش لەگەڵ نزیکبوونەوە لە راپرسییەکە زیاتر دەبێت. پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە: بۆچی لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی راپرســـییەکەدا رێژەی دەنگدان لە بەرژەوەندی جیابوونەوە زیاتر دەبێت؟**

- چەند شـــتێك روودەدات، لێرەدا دوو پاڵنەری جیاواز هەن، یەکێکیان تێکەڵ بە هەســـت و سۆز کراوە و ئەوی دیکەشـــیان پتـــر لێکدانەوەیەکی ئابووری لە پشـــتە. لە وەڵامدانەوەی پرسیاری دەنگدانەکەدا پتر خەڵکی لەسەر بنەمای هەســـت و ســـۆز دەنـــگ دەدات، لەبەر ئەوەی پێیانوایە بە راســـتی هیچ جیاوازییەك دروســـت ناکات. بەڵام کاتێك دەگەنە بنکەکانی دەنگدان ئەوا لێکدانەوەی زیاتـــر دەکەن بـــۆ بڕیارەکەیان، بەڵام بە هیچ شـــێوەیەك ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین دەقاودەق هاوسەنگییەکەی ئەو راپرســـییە چۆن دەبێت. خاڵی دووەم ئەوەیە کە پارتی ناسیۆنالیستی سکۆتلەندی رێکخراوێکی زۆر باشی هەیە لـــە ناو خەڵکدا، لەبەر ئەوە زۆر باشـــتر دەتوانن هەڵمەت بخەنەگەڕ بۆ ســـازدانی خەڵکەکە، نەك تەنها لە رووی ئەوەی چـــۆن دەنگ بدەن، بەڵکو لە قەناعەت پێکردنیان لەوەی بەرەو بنکەکانی دەنگدان بچن. رەنگە دژیەکییەك هەبێـــت لە دەنگـــدان بە بەڵـــێ لە نێوان دابەشـــبوونی بیروبۆچوونەکان لە سەرتاسەری سکۆتلەندا و لە نێوان ئەو کەسانەی بەرەو دەنگدان دەچن، بەڵام ئیدی ئەوە رێسای سیاســـەتی دیموکراتییە کە دەنگی ئەوانە رەچاو دەکرێت کـــە دەنگیان داوە، نەك بیروبۆچوونی ئەو کەســـانەی لە ماڵەوە دانیشـــتوون و بیروبۆچوونەکانیان دەگۆڕن، بەڵام بەرەو دەنگدان ناچن. مەســـەلەیەکی دیکـــە ئەوەیە کە هەڵمەتی (بەڵێ) باشـــتر بەڕێوە چووە، وەك لە هەڵمەتی (نەخێر)، هەڵمەتی بەڵێ بۆتە ســـەرچاوەی ئیلهام، دیارە شـــتێکی مەنتیقییە کە داوا لـــە خەڵك بکەیت، بە نەخێر دەنگ بدات، بەڵام ئەم داخوازییە بە هەمان شێوە هەست و سۆز ناجووڵێنێت.

*** جیابوونەوەی ســـکۆتلەندا لەسەر پێگەی بەریتانیا لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵەتی و هەروەها لەســـەر ئاستی ئەوروپا چ کاریگەرییەکی دەبێت ؟**

- ئێمـــە دەقاودەق نازانین کـــە مەرجەکانی جیابوونەوە چی دەبن، تـــا رادەیەك وەڵامدانەوەی ئەمە ســـەختە، بـــەڵام بە دڵنیاییەوە بەریتانیـــا دەبێتە وڵاتێکی بچووکتر لـــە رووی نوێنەرایەتیکردنەوە لـــە پەرلەمانی ئەوروپا و لە رووی کورســـییەکانی لە کۆمســـیۆنەکاندا. رەنگە بۆ ماوەیەك شـــپرزەیی بکەوێتە هێزی سەربازییەوە، ئەویش بـــە بە رەچاوکردنی ئەو هێزە ســـەربازییانەی هەیەتی لە سکۆتلەندا، روون نییە ئایا کاریگەری ئابووری چی دەبێت لەسەر ســـکۆتلەندا، یاخود بەشەکەی دیکەی بەریتانیا. بەڵام ئێمـــە بینیمان لە کاتێکدا کـــە هەڵمەتی بەڵێ لە بەرفـــراوان بووندایە، بەهای پاوەند لە دابەزیندایە، کەواتە دەنگـــدان بە بەڵێ ئیحراجییەکی گـــەورە بۆ حکومەتی بەریتانیا دروست دەکات.

*** لایەنێکی دیکەی پرۆسەی جیابوونەوەی سکۆتلەندا بریتییە لە پرسی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا، کە دوای جیابوونەوە ئەم پرۆســـەیە دەســـت پێدەکات، ئەو کاتە لە بری بەکارهێنانی پاوەند، ســـکۆتلەندییەکان یۆرۆ بەکار دەهێنـــن، کەواتە بە بۆچوونی ئێوە تا چ رادەیەك هەل و مەرجی ســـکۆتلەندا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەگەر هاتـــوو بووە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا دوای جیابوونەوەی لە بەریتانیا؟**

**ئەوە رێسای سیاسەتی دیموکراتییە کە دەنگی ئەوانە رەچاو دەکرێت کە دەنگیان داوە، نەک بیروبۆچوونی ئەو کەسانەی لە ماڵەوە دانیشتوون و بیروبۆچوونەکانیان دەگۆڕن، بەڵام بەرەو دەنگدان ناچن**

**وەیڵز بۆ چوار سەدە زیاتر لە سکۆتلەندا لەگەڵ بەریتانیادا بووە، بۆیە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە وەیڵز بەریتانیا جێبهێڵێت و پێموا نییە هیچ گومانێک لەو رووەوە هەبێت**

**مەسەلەیەکی دیکە کە لە دوای سەربەخۆبوونی سکۆتلەنداوە سەرهەڵدەدات بریتیە لە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان، چونکە بەریتانیا بەشێک نییە لە گروپی شنگن کە پەیوەندی بە سەفەرکردن لە نێوان بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپادا هەیە**




**ئەگەر بە (بەڵێ) یش دەنگ بدرێت، ئەوا جیابوونەوەیەکی تەواو روو نادات، وەک ئەوەی هەموو کەس گریمانەی دەکات**

**لە کاتێکدا کە هەڵمەتی بەڵێ لە بەرفراوان بووندایە، بەهای پاوەند لە دابەزیندایە، کەواتە دەنگدان بە بەڵێ ئیحراجییەکی گەورە بۆ حکومەتی بەریتانیا دروست دەکات**

**بە هیچ شێوەیەک ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین دەقاودەق هاوسەنگییەکەی ئەو راپرسییە چۆن دەبێت**

- ئەمە روون نییە، چونکە مەرجەکانی جیابوونەوە روون نین، تەنانەت ئەگەر بە (بەڵێ) یش دەنگ بدرێت، ئەوا جیابوونەوەیەکی تەواو روو نادات، وەك ئەوەی هەموو کەس گریمانەی دەکات. بەڵام ئەگەر حکومەتی سکۆتلەندا جیا ببێتەوە، بە دڵنیاییەوە دەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، لەوبارەوە ئێمە ئەزموونی (لایبریا)مان هەیە کە دۆلاری ئەمریکی بەکار دەهێنێت. لە راستیدا ئەمە مەسەلەیەکە حکومەتی بەریتانی ناتوانێت هیچ شتێك بکات بۆ رێگەلێگرتن لە سکۆتلەندییەکان لەوەی بەردەوام بن لە بەکارهێنانی پاوەند، یان نە، مەسەلەکە هەر ئەوەیە سکۆتلەندییەکان هیچ کۆنترۆڵێکیان نییە بەسەر بەهاکەیەوە و تەنها ئەوەیە دووچاری دژواری دەبنەوە لە قەرزکردندا، مەسەلەیەکی دیکە کە لە دوای سەربەخۆبوونی سکۆتلەنداوە سەرهەڵدەدات بریتیە لە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان، چونکە بەریتانیا بەشێك نییە لە گرووپی شنگن لە پەیوەندی بە سەفەرکردن لە نێوان بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپادا، ئەوا ئەگەر سکۆتلەندا سەربەخۆ بێت و بەردەوام بێت لەسەر ئەو سیاسەتەی کۆچبەران کە باسی لێوە دەکات- کە سکۆتلەندا پتر مەیلی بۆ کۆچبەران هەیە وەك لە بەریتانیا-، ئەوا حکومەتی بەریتانیا هەمان کۆنترۆڵ بەسەر هاتوچۆی سنوورەکانی لەگەڵ سکۆتلەندادا دەسەپێنێت.

*** شانشینی یەکگرتوو وەك فیدراڵییەتێکی یەکگرتوو لە چوار بەش پێکهاتووە کە بریتین لە: ئینگلتەرا، وێلز، ئیرلەندا و سکۆتلەندا. تا چ رادەیەك جیابوونەوەی سکۆتلەندا کاریگەری لەسەر بەشەکانی دیکەی شانشینی یەکگرتوو دەبێت لە رووی ئەوەی ئەوانیش داوای جیابوونەوە بکەن؟ ئایا جیابوونەوەی سکۆتلەندا لە دەرئەنجامدا دەبێتەهۆی هەرەسهێنانی شانشینی یەکگرتوو؟**

- وێلز بۆ چوار سەدە زیاتر لە سکۆتلەندا لەگەڵ بەریتانیادا بووە، بۆیە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە وێلز بەریتانیا جێبهێڵێت و پێموا نییە هیچ گومانێك لەو رووەوە هەبێت. ئیرلەندای باکوور دۆخێکی ئاڵۆزتری هەیە، لەبەر ئەوەی خوازیاری یەکێتین کە خێڵە پرۆتستانتەکانی ئیرلەندای باکوور دەگرێتەوە و پتر ئارەزوی ئەوە دەکەن وەك بەشێك لە شانشینی یەکگرتوو بمێننەوە، لەبەر ئەوە پێموا نییە ئەوانیش بیانەوێت جیا ببنەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە پێشبینی من لە پێشبینی هیچ کەسێکی دیکە باشتر نییە.

د.عەبدولڕەحمان ساڵح میران پسپۆڕ لەبواری تەکنەلۆژیای زانیاری بۆ گوڵان:

# ئای تی بڕبڕەی پشتی حوکمڕانییە، هەر دەزگایەک سیستمی بەڕێوەبردنی سامانی مرۆیی نەبێت رۆحی تەکنەلۆژیاکە دەمرێنێت



د.عەبدولڕەحمان ســـاڵح میران، بڕوانامەی دکتۆرای لە سایبەر سیکوریتی (دۆزینەوەی زانیاری تەشفیرکراو) لە زانکۆی نۆتینگهام ترێنت لە بەریتانیا وەدەستهێناوەو ئەزموونی زیاتر لە پازدە ساڵی لە بەڕێوەبردن و راوێژکاری پاراســـتنی تەکنەلۆژیای زانیاری و تـــۆڕی ئینتەرنێت لە کۆمپانیایەکی ئەڵمانـــی- بەریتانی هەیە، هەروەها دامەزرێنەری سەنتەری میللی کوردە بۆ لێکۆڵینەوەو پاراستنی تەکنەلۆژیای زانیاری لە لەندەن. لەم دیمانەیەشدا سەبارەت بە تەکنەلۆژیای زانیاری و ئای تی و کاریگەرییەکانی لە ناو حکومەتدا و چەند پرسێکی دی، وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.

*** لەسەدەی بیست و یەکەمدا ئەنتەرنێت گۆڕانکارییەکی یەکجار گەورەی بەســەر هەموو بوارەکانی ژیاندا هێناوە، تەنانەت هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی پێناســەی هێز و تەنانەت پێناســەکانی حوکمڕانی و هاووڵاتییبوونیش گۆڕانکاری بەســەردا بێت، پرســیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەم شۆڕشــەی ئەنتەرنێت کە ئــەم گۆڕانکارییانەی دروســت کردووە تا چەنــد لە کوردســتان بەکاردێت؟ چــۆن خۆمان لەگەڵ گۆڕانکارییەکی وا خێراو گــەورەو بەردەوام کە ئەنتەرنێت دروستی کردووە، بگونجێنین؟**

- ئەنتەرنێت لە چەند بوارێکی سەرەکیدا شۆڕشی بەرپا کردووە، لەوانە: خێرایی گەیشتن بە زانیاری و ئاسانکاری لە دروستکردنی بڕیار و مامەڵە ئابوورییەکان و دامەزراندن و پارێزگاریکردن لە دامودەزگا حکومییەکان ئەوانەیان کە لەسەر بنەمای خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان دروست کراون، پاشان کاریگەری لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە. بەداخەوە تا ئێستا لە کوردســتان کاریگەرییەکی ئەوتۆی ئەرێنی لێ نەکەوتۆتەوە کە لە ئاست ئەو پیتوفەڕ و قازانجانە بێت کە هاووڵاتیان لە وڵاتانی تر دەســتیان کەوتووە. لێرەدا مەبەستم لە تۆڕی فەیسبوك و تویتەر نییە کە دیاردەیەکی بەربڵاوە لە کوردستان. بە کورتییەکەی بناغەی ئینتەرنێت بەرهەمی ئەو پڕۆژەیەی ســاڵی 1961ەو بە ســێ قۆناغ دەستپێکردووە، سەرەتا لە لایەن چەند توێژەرێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە بە نــاوی (DODUSA) پڕۆژەیەکیان بۆ لێکبەســتنەوەی هەموو کۆمپیوتەرەکانــی ناو دەزگا ســەربازییەکانی ئەمریــکا دامەزراند، دواتر لە ســاڵی 1985 فەرمانگەی نیشــتمانی ئەمریکایی بۆ زانســت و زانیاری لە ژێر ناونیشانی (NSFNET) هەمان تەکنیکی بەکارهێنایەوە، سەرەتا لە خەیاڵیاندا نەبوو، کە رۆژێك دابێت ئەم پڕۆژەیە لە لایەن هەموو هاووڵاتییەکەوە ســوودی لێ ببینرێت.

ئەنتەرنێت وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی زانست و زانیاری و وەك هەر ئامێرێکی تری زانستی دوو جەمسەرانە لە دوو خاڵدا کاری پێکرا، کە بریتین لە:

1. بە ئاســانی دەســکەوتنی هەر داتاو زانیارییەك لە هەر شــوێن و کات و بۆ هەر تاکێــك بە بێ کۆنترۆڵ، بە پێچەوانــەی جارانەوە کە بۆ تاك زەحمەت بوو بە ســانایی پەلی بە زانیاری بگات.

2. خستنەبەردەست و ئامادەسازیی زانیارییەکان بە شێوەی کاتیگۆریزەیشــن بە پێی تایبەتمەندی و پســپۆڕییەکان و پێداویســتییەکانی ناو کۆمەڵگە بۆ هەر توێژەرێك و هەر کەسێك بیەوێت لێی سوودمەند بێت.

ئێســتا ئەنتەرنێت ئامێرێکــی کاریگەریــی وڵاتانی پێشــکەوتووە، نەك تەنیا بــۆ پێوەندی کــردن و رابواردن و بڕیــاردان و بەجێهێنانــی نەخشــەو پــلان، بەڵکو بۆ سوودوەرگرتن لە هەموو رووەکانی ژیانە، کە بە سەرجەمیان گۆڕانی کەلتووری و رۆشنبیری تازەی بەرهەم هێناوە. بە رای من ئەنتەرنێت دۆخێکــی موحافیزکارییانەی ژیانی خەڵکی گۆڕیوەتە بە دۆخێکــی لیبراڵانەو ئازاد، ئەوەش بنەمایەکی گرنگە بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی مەعریفیی کە پێی بووترێت (KNOWLEDGE BASED SOCIETY) بە هۆیەوە شەفافانە زانیاری بە هاووڵاتیان دەدرێت.

سەبارەت بە وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، دەڵێم: بەداخەوە هێشتا کۆمەڵگەیەکی مەعریفی لە ناو کوردستان بەرهەم نەهاتووە بە شــێوەیەك بتوانێت خۆی بگونجێنێت و ســوودمەند بێت لەم ئامێرە چاك و خێراو ئاسانە، پێویستە حکومەت بەرنامەو پڕۆگرامی ستاندارد و دروستی هەبێت تا بەلای کەمەوە ئاستەکانی بەرهەمهێنان و داهێنانی تێدا بگەیەنێتە نزیکی وڵاتانی وەك کۆریای باشــوور و مالیزیا و ئەندنوسیا کە بە ئەرێنی سوود لە پێداویستییەکانی ژیان لە رێی ئەنتەرنێتەوە دەبینن. پێویســتە کۆڕ و ســیمیناری تایبەت ســاز بکرێت تا شــێوازی روانین و بیرکردنەوەی خەڵکــی لە بەکارهێنانی ئەنتەرنێــت بگۆڕدرێت، چونکە تەکنەلۆژیای زانیاری ئەگەر بە دروســتی بەکار نەیەت، زیانێك بە سیستمی بیرکردنەوەی خەڵکی دەگەیەنێت.

*** کەواتە ئەم شۆڕشەی کە وایکردووە سەرچاوەکانی هێز وەرچەرخان بە خۆوە ببینن، بۆتە هۆکارێکیش تا لە بواری پەرەپێدان ئاکامی باشــی لێبکەوێتەوە. کەسێکی وەك بیل کلینتۆن جارێکیان وتی: ئەگــەر ئەنتەرنێت و مۆبایل بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بخرێنەگەڕ دەبنە نیعمەتێك، دەپرسین لە کوردستان چۆن ئەم نیعمەتە بۆ سوودو قازانج لە بواری حوکمڕانیدا وەردەچەرخێت؟**

- بــە رەچاوکردنی چەند هۆکارێك دەتوانرێت ســوودی لــێ وەربگیرێت، ســەرەتا پەنجە بــۆ ژێرخانی کۆمەڵگە درێژدەکەم کە چ کاریگەرییەك بەجێدێڵێت لەســەر ئاســت و بوارو چۆنیەتی بیرکردنــەوەی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا. ئەبرەهام ماسلۆ دەڵێت: گرنگترین شتێك لە کەسێکدا ئەوەیە هۆشمەندی و ئاگایی خۆی سەبارەت بە خۆی بگۆڕێت، کاتێك کوردستان بەرەو سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت هەنگاوەکانی کۆدەکاتەوە، پێویســتی زۆری بە کۆمەڵێك دامودەزگای چالاك و باوەڕپێکراو هەیە، یەکەمیان ئەوەیە لە رووی پاراستنی زانیاری و بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان کە لە ئاستی پێشکەوتنی دنیا دانەبڕێت، وەك زۆر وڵاتــی تری دنیا پێویســتە حکومەت پلانێکی ســتراتیژانەی هێمنانە دارێژێت. من لــە پڕۆژەیەکمدا بە ناوی "بــە ئەلەکترۆنیکردنی حکومەتی کوردســتان" بە درێژیی لێی دواوم و تەنانــەت لە جێبەجێبوونی یەکەمین قۆناغــی ئەم پڕۆژەیەدا دەتوانیــن بڵێین: چ حکومەت بە دامودەزگاکانیــەوە، چ هاووڵاتیان بە چین و توێژەکانیەوە سوود وەردەگرن لە بەئەلیکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێم هاوشــێوەی ئەو سیستمەی لە ئەورووپا و بەریتانیا و زۆربەی شــوێنەکانی دنیادا هەیە. زۆر گرنگە ئەو وەزارەتانەی بڕبڕەی پشتی حکومەتن دیبلۆیی بکرێن بە تۆڕەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە، لەوانە وەزارەتەکانی ئابووری و بازرگانی و سامانە سرووشتییەکان و تەندروستی

**کاتێک کوردستان بەرەو سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت هەنگاوەکانی کۆدەکاتەوە، پێویستی زۆری بە کۆمەڵێک دامودەزگای چالاك و باوەڕپێکراو هەیە، یەکەمیان ئەوەیە لە رووی پاراستنی زانیاری و بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان کە لە ئاستی پێشکەوتنی دنیا دانەبڕێت**

**لەم دواییەدا چەند بەکرێگیراوێکی وڵاتانی دراوسێ توانییان ئیمەیل و حیساباتی فەیسبووکی چەندین لێپرساوی حکومەتی هەرێم هاک بکەن و لەو ڕێگەوە نهێنییەکانی ئەوان و حکومەتیان دزی**

**فەرمانگەی ئای تی لە ناو حکومەتدا هێشتا لە بواری تەکنیک و بەڕێوەبردندا بێ ئەزموون و لاوازە و حکومەتی هەرێم وەک پێویست لەو بوارەدا هەنگاوی نەناوە**

**ئێستا ئەنتەرنێت ئامێرێکی کاریگەری وڵاتانی پێشکەوتووە، نەک تەنیا بۆ پێوەندی کردن و رابواردن و بڕیاردان و بەجێهێنانی نەخشەو پلان، بەڵکو بۆ سوودوەرگرتن لە هەموو رووەکانی ژیانە، کە بە سەرجەمیان گۆڕانی کەلتووری و رۆشنبیری تازەی بەرهەم هێناوە**

و پەروەردەو داد و پێشمەرگەو ناوخۆ، ئەمڕۆ کەموکوڕیی زۆر لە سیستمی ئای تی ئەم وەزارەتانەدا هەن، پێویستە لەسەر وەزارەتی پلاندانان بە شێوازێکی چەسپاوانەو ئەکتیڤانە تۆڕەکانیان دیبلۆیی بکات.


*** ئای تی لە هەر حکومەتێکی ئەلەکترۆنیدا کۆڵەگەیە، کەچی هەست دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی بۆ بە ئەلکترۆنیکردنی دەزگاکانی سست و خاون، ئێستا دامەزراوەیەکی تایبەتمەند بەو ئاراستەیە دامەزراوە، کارەکانیان لە ئاست پێشکەوتنی ئەم بوارە کاریگەریی ئەوتۆی نەبووە، چۆن هەنگاوەکان لەم بوارەدا ئەکتیڤ دەکرێن؟**

- پێویستە دەزگای ئای تی و تەکنەلۆژیای زانیاری بودجەو ستافی پرۆفیشناڵی تایبەتمەندی هەبێت، فەرمانگەی ئای تی لە ناو حکومەتدا هێشتا لە بواری تەکنیك و بەڕێوەبردندا بێ ئەزموون و لاوازە و حکومەتی هەرێم وەك پێویست لەو بوارەدا هەنگاوی نەناوە. راستە ئەمڕۆ ئای تی بڕبڕەی پشتی حوکمڕانییە، هەر دەزگایەك ئەگەر سەرەتا سیستمی بەڕێوەبردنی سامانی مرۆیی نەبێت، ئەوە گاڵتە بە خۆی و فەرمانبەرانی دەکات و رۆحی تەکنەلۆژیاکە دەمرێنێت. لە زۆربەی زۆری فەرمانگەکان کۆمپیوتەر هەن، بەڵام نەزانین لە بەکارهێنانیدا هەیە، دەستپێکی هەر حکومەتێکی ئەلیکترۆنی چوار کەرەسەی خاون (پرۆژە، تەکنەلۆژیا، خەڵك، سەرچاوەکانی کەرەسەکان) خۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی بە تەنیا ناکاتە داتاکردنی زانیاری و مامەڵەکان، لە زۆربەی زۆری فەرمانگەکاندا مامەڵەکان هەر لەسەر کاغەزی نووسراو دێن و دەچن، هەردوو بواری بەڕێوەبردنی خێراو دروستی مامەڵەکان و بواری چاککردن و پێشخستنی تۆڕی کارکردن سستن، دواتر پێویستە داتاو کەرەسەو تەکنەلۆژیا ئامادەبکرێن تا ئۆرگانیزە بکرێن بە گەیاندن و لێکبەستنەوەیان تا دەگات بە دانوستان و بەجێگەیاندنیان لە کۆتاییشدا دیبلۆییکردنیان. ئەرکی گرنگیی حکومەتی ئەلیکترۆنی ئەوەیە هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنی خۆی لەگەڵ فەرمانبەرانی و بەشداربووانی دیاری بکات و بنەمای کارگێڕییان بۆ دابنێت کە پێی دەوترێت (G2C) پاشان دیاریکردنی کار لەگەڵ وەبەرهێنەران و بازرگانان(G2B) ئینجا حکومەت لە خۆیەوە بۆ کارمەندەکان(G2E) پاشان دەزگاکانی حکومەت بۆ حکومەت خۆی، یان بۆ حکومەتەکانی تر (G2G) ئەمانیش هەمووی لەسەر بنەمای سێ خاڵی گرنگ بنیات دەنرێن کە بریتین لە (Trust Privacy and Security) واتە باوەڕو تایبەتمەندی و ئاسایش بۆ ئەو ژێرخانە تەکنەلۆژییەی بۆ پێوەندیکردن بە هەموو دەزگاکانەوە دروست دەکرێت. ئەمانە بە پوختی لە پڕۆژەیەکدا پێشنیار کردووە کە جگە لە دەزگا هەواڵگری و ئاسایشەکانی کوردستان کە ئەوانە تەکنەلۆژیاو ژێرخانی تایبەت بە خۆیان هەیە و پابەند ناکرێن بە ستاندارتی نێودەوڵەتییەوە، پاش یازدە ساڵ لە رووخانی رژێمی پێشوو تا ئێستاش بە هەموو کابینەکانەوە نەتوانراوە سوودی بەرچاو لە واتا زانستییە راستەقینەکەی ئەم تۆڕە جیهانییە و واتای حکومەتی ئەلیکترۆنی وەربگیرێت.

***دیوێکی یەکجار مەترسیدار هەیە لە بواری ئەنتەرنێت کە پێی دەوترێت سایبەرسیکوریتی کە دەبێتە بەشێکی ئەکتیڤ لە ئاسایش و پاراستنی نیشتمان هەر چۆن بۆ پاراستنی کوردستان پێویستیمان بە سوپایەکی بەهێزە هەروەها بۆ ئاسایشی ئەنتەرنێتیش پێویستیمان بە سوپایەکی ئەندازیاری کارامەو دڵسۆزو شارەزایە، تا چەند کوردستان بناغەیەکی زانستییانەی داناوە بۆ دروستکردنی سوپایەکی بەهێز و مۆدێرن لەو بوارەدا کە بتوانن ئارامی و ئاسایشی بپارێزن؟**

- رکابەرایەتیی نێوان وڵاتان بەتایبەتی نێوان هەردوو زلهێزی جیهان ئەمریکاو رووسیا لە پاش شەڕی ساردەوە زۆرترین و گرینگترین کێشەی نێوانیان سایبەر سیکوریتی بووە، هەردوو ناوبراوان جوولیان ئەسانگ و ئێدوارد سنودنە رۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لە گرژتربوونی پێوەندییەکاندا کە قەیرانێکی گەورەیان بۆ دەزگاکانی هەواڵ قۆستنەوەی ئەمریکایی ناوەتەوە، کە بە دووەمین وڵات دەژمێردرێت لە پاش سەنگافوورە بەپێی راپۆرتەکانی دوای ٢٠١٢، من دکتۆراکەم لەسەر ئەم بابەتەیە، واتا بابەتی پاراستنی پرۆتۆکۆڵی (TCP IPv6) تۆڕی نێودەوڵەتی.

سایبەر سیکوریتی لە چەند بوارێکی هەستیاردا کە پێوەندیی هەیە بە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ژێرخانی ئابووری کاریگەرێتی هەیە، هەر وڵاتێك نەتوانێت بە شێوەیەکی مۆدێرن نهێنییەکانی خۆی بپارێزێت، دەڕووخێت، بە نموونە لە راپۆرتێکی دەزگای پاراستنی بەریتانیدا بڵاوکراوەتەوە کە هەڕەشەیەکی مەترسداریان لەسەرە بۆ چەند ساڵی دادێت بە هۆی زیادبوونی تاوانەکانی ئەنتەرنێتەوە، کە لە هەمووس سامناکتر هەڕەشەکانی تیرۆریستی و دزینی بانقەکانە بەهۆی ئینتەرنێتەوە، لەبەر ئەوە بودجەیەکیان بە بڕی ٦٥٠ ملیۆن دۆلار تەرخان کرد تا بانقەکانی بەریتانیا بپارێزن، چونکە لە ماوەی ٦٠ چرکەدا جارێکیان ٦٠ ملیۆن دۆلار دزراوە. ئەمەش بۆ خۆی جۆرێکە لە تیرۆر کە پێویستە کوردستان خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئامادەساز بکات، لە کاتێکدا کوردستان هێشتا لەو ئاستەشدا نییە کە نەك زانیاری و نهێنیی دەزگاکانی و فەرمانبەرانی بپارێزێت، بەڵکو تەنانەت بانقەکان هێشتا تۆڕ و سیستمی ئای تی و بانقییان نییە کە هاووڵاتیانی کورد بتوانن لە هەر شوێن و هەر کاتێك بیانەوێت پارە رابکێشن، یان حەواڵەی بکەن، یان لە رێی ئای تی فاتوورەی ئاو و کارەبا و تەلیفۆن بدەن. لەم



دواییەدا چەند بەکرێگیراوێکی وڵاتانی دراوسێ توانییان ئیمەیل و حیساباتی فەیسبووکی چەندین لێپرسراوی حکومەتی هەرێم هاك بکەن و لەو ڕێگەوە نهێنیەکانی ئەوان و حکومەتیان دزی. نموونەیەکی تر کاتێك ئێران کارگەی ئەتۆمی بووشەهری دروست کرد، زۆر بە چاکیش پاراستبووی، کەچی ئاژانسی ئاسایشی ئەمریکاو موسادی ئیسرائیلی بە ناردنی ڤایرۆسێك توانییان ماوەی دوو ساڵ ئامێر و دەزگا ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە پەك بخەن، تەنانەت تا شەش مانگ ئێران هەر نەیدەزانی کە هۆکارەکە ئەو ڤایرۆسەیە، کەواتە ئەم بوارەی سایبەر سیکوریتی کاریگەری هێندەی هێزی سوپایەك هەیە، کە پێویستە سوودی لێ وەربگیرێت لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتەکانی ژێرخان و سەرخانی کوردا. لە بواری ئای تی هەموو زانکۆکانی کوردستان تا ئێستاش نەیانتوانیوە دەستەیەکی پێشکەوتووی لێهاتوو لەم بوارەدا دروست بکەن، ئەمە وەك سیستمی پەروەردەو فێرکردن بەردەوام پێویستی بە ئاپدەیتە، هەروەها قوتابیانی بواری تواناسازی کە دەنێردرێنە دەرەوە پلانێکی ئەکادیمیکیان بۆ بکێشرێت تا قەڵایەك لە سایبەر سیکوریتی دامەزرێنرێت و ئاسایشی کوردو کوردستانیان پێ بپارێزن..

*** پڕۆژەکانت لەم بوارەدا کە پێشکەشت کردبن، چین؟**

-دوو پڕۆژەی گرنگم پێشکەشی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کردووە، بۆ بەرەو دامودەزگاییکردنی و ئەبدەیتکردنی سیستمی کارگێڕی ناو فەرمانگەو گشت وەزارەتەکان بەم شێوەیە:

١. دامەزراندنی حکومەتێکی ئەلیکترۆنی بە ستراتیژ و ستانداردی نێودەوڵەتییەوە کە تێیدا سوودم لە ئەزموونی ١٠٠ وڵات وەرگرتووە، نەك تەنیا بۆ حکومەت بەڵکو بۆ گشت کۆمپانیاکان بنکە بازرگانییەکان و کەرتی تایبەتیش سوودمەندە، کە زیاتر لە ٦٠٠ دەزگای جیهانی بەشدارن لە دروستبوون و پێشخستنی ئەم ستانداردەدا، کە بە چەند قۆناغێك خزمەتگوزارییەکانی وەزارەت بەرەو (E Service) دەبات و ئیش و کارەکانی هاووڵاتیانیش بەرەو (E citizen) دیبلۆی دەکات هەروەها ڕەوت و ڕەوشی بازرگانی و مامەڵەکانی بانق و ئابووری و کەرتی تایبەت و حکومەتیش بە (E COmmerce) دیبلۆی دەکات.

٢. کات و ئەدا دوو فاکتەرن بۆ هەر حکومەتێك لەم ڕووەوە پڕۆژەی دووەمم بریتییە لە دروستکردنی بناغەی داتاکردنی گشت دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کە پێی دەوترێت پێشخستنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی داتایی مامەڵەکانی هاووڵاتیان لە دەستپێك تا تەواوبوونی مامەڵەکە بە کەمترین ماوەو بە شێوەیەکی پڕۆفیشناڵانە، ئەمەیش بە پشتبەستنم بە بەهێزترین ستانداردی ئەورووپایی بە ناوی (ISO EIS) کە بەڕاستی پڕۆژە یاسایەکی لێدروست دەکرێت بۆ بە دەزگاییکردن و ستانداردکردنی گشت فەرمانگەکانی سەر بە حکومەت لە پێناوی دابینکردنی پاکترین و چاکترین و بێ زیانترین کاڵا و دەرمان و هەر ئامێرێکی تەکنەلۆژی کە هاوردەی کوردست دەکرێت.

**ئەنتەرنێت دۆخێکی موحافیزکارییانەی ژیانی خەڵکی گۆڕیوە بە دۆخێکی لیبراڵانەو ئازاد، ئەوەش بنەمایەکی گرنگە بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی مەعریفیی کە بەهۆیەوە شەفافانە زانیاری بە هاووڵاتیان دەدرێت**

